دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

# دواڕۆژ

٢٠٢٥/١٢/٣ ـ ١٢ی سەرماوەزی ١٤٠٤ی هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٣٩

چاوخشاندنێك بە سەر خەباتی ژنان لە کوردستانی ئێراندا



٤

ئاوڕێکی دەروونناسانە بۆ چەمکی توندوتیژی خێزانی



٦

وتووێژێک لەگەڵ هاوڕێ مەلەکە مستەفا سوڵتانی



٨

dwaroj.net

## سەروتار

### یەکسانیپێویستیی کۆمەڵگەی سەردەم!

**عەزیز ئاجیکەند**

ڕۆژی ٢٥ی نوامبری ١٩٦٠ی زایینی لە کاتێکدا کە خوشکانی "میراباڵ" (پاتریا، مینروا، ماریا) کە دژ بە دیکتاتۆری وڵاتی خۆیان بە ناوی ترۆهیلۆ" لە وڵاتی (دۆمینیکێن) بوون، لە کاتی سەردانی هاوسەرەکانیان لە زینداندا بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشیان کرایە سەر و خەڵتانی خوێنکران و بەمجۆرە لە مافی ژیان کردن بێبەش کران. دوای ئەم ڕوداوە و لە "یەکەمین کۆبوونەوە کە لە لایەن ژنانی ئامریکای لاتین و کارابین لە وڵاتی کۆلۆمبیا گیرا ئەم ڕۆژە وەک ڕێزگرتنێک لە یادی خووشکانی "میراباڵ" کە بە نازناوی"پەپوولەکانی لە بیرنرکراو" دەناسران، دیاری کرا و پاشانیش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینیدا ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی "بەرەنگاری توندوتیژی دژ بە ژنان" ناوزەد کرد.

توندوتیژی دژی ژنان بە درێژایی مێژوو هەبووە و هەنوکە گەیشتووەتە ئاستێک کە لە هەر کات و ساتێکدا، قوربانی دەگرێ. ئەمرۆ لە هەر سێ ژن، ژنێک ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. ئەم ڕێژەیە جێی سەرنج ڕاکێشان و سەرسامییە. توندوتیژی سنور ناناسێ و لە زۆربەی وڵاتاندا دەبیندرێ بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو تووندوتیژ نواندن بەرانبەر بە کچان و ژنان زیاترو بەرچاوترە. لە وڵاتی ئێران ئەم تووندوو تیژیانە لە لوتکەدان .

لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیی، یەکەمین هێرشەکان زۆر بە خێرایی بۆ سەر ژنان دەستیان پێکرد و بە چرکردنەوەی هەموو جۆرە ستەمێک، ژنانیان خستە پەراوێزی کۆمەڵگاوە و بە ناوی پارێزگاری لە شەرەف و ناموس، ئەوانیان قەتیس و قەتیس کرد و لە چوار گۆشەی ماڵدا هێشتیاننەوە. کۆماری ئیسلامیی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ خەباتی بێ پسانەوەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە گۆشەو کەناری ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی ڕووبەڕوو بویەوە. هەزاران ژن لە کوردستان کە لە بنەماڵەی خۆیان لە ژێر گوشاری ڕوانینی کۆنی سوونەتی ئازاریان دەچێشت، سووکایەتیان پێدەکرا و ناڕازیی بوون، هانایان بۆ خەباتی پێشمەرگانە هێنا و تا قایمتر پاشەکەشە بە دواکەوتوویی و دەمارگرژی دژی خۆیان بکەن. ژمارەیەکی زۆر لە ژنانێک کە لە ژێر زەختی سونەتی دواکەوتووی کۆمەڵگادا بوون، زۆربەیان هاتنە ناو ڕیزی پێشمەرگەوە و بەشێکیشیان لە بەشەکانی تری خەبات و تێکۆشان لە ناو شارەکاندا چالاک و هەڵسووڕاو بوون.

...بۆ ل ٢

# شووشەی تەمەنی دەسەڵاتی تاران ڕوو لە شکانە




ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاڵۆزی دایە و ململانێکان گەیشتونەتە ئاستێکی هەستیار و چاوەڕوانی شەڕ و پێکدادانی زیاتر دەکرێ.

کێشەکانی نێوان ئێران و وڵاتە زلهێزەکان لەچەشنی گرێپوچکەیەکی نەکراوە هەر دێت و ڕوو لە زیادی دەکەن. ئەم گرێپوچکانە نە دەکرێنە و نە کێشەکانیش چارەسەر دەبن. دانوستانەکانیش نەبوونە فریادڕەسی کۆماری ئیسلامیی و بەستەڵەکەکانیش زیاتر بەستیان.

ئێران خۆی بە براوەی شەڕی ١٢ ڕۆژە دەزانێ و سەرباری لە ناو چوونی زۆربەی دامەزراوە ئەتۆمییەکان و کوژرانی بەرپرسانی باڵای و هەڕەشەکانی ترامپ بۆ ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم و گوشار و هەڕەشەکانی ئیسرائیل و وڵاتانی ئوروپایی بۆ تەسلیم بوون و مەڵکەچ کردنی دەسەڵاتی تاران، بەڵام خامنەیی هەر نایهەوێ دەستهەڵگری پلانی پیتاندنی یۆرانیۆم بێت. بەگوێرەی ڕێککەوتنی «بەرجام» کۆماری ئیسلامیی دەبوایە تەنیا ٢٠٢ کیلۆ ئۆرانیۆمی بەڕێژەی ٣.٦٧٪ بەرهەم بێنێت. بەڵام بە نهێنی ٤٠٠ کیلۆگرەم ئۆرانیۆمی پێتێندراوی ٦٠٪ی بەرهەمهێناوە. مەودای داخوازییەکانی ئەمریکا و ئێران ئێجگار لە یەک دوورن و ئاسۆی چارەسەکردنی بارگرژییەکانی دوو لایەن وەک هەمیشە لە لێڵی دایە، بەڵام هەموو نیشانەکان دەرخەری ئەوەن کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئامانجیان بە چۆک داهێنان و تەسلیم کردنی دەسەڵاتی تارانە. گوشارەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی پێگەی ڕژیمی تارانیان بە تەواوەتی لاواز کرد. تا ئێرە ئەمریکا و زلهێزەکان لەگەڵ پێکانی چەندین ئامانجیان، براوەی ململانێیەکەن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم بێنەوبەرانە، نە کۆشکی سپی و نە سێ زڵ هێزی ئوروپایی ئاڵمان و فەرانسە و بریتانیا ستراتێژییەکی وەها ڕوونیان بۆ دوای کۆماری ئیسلامیی پێ گەڵاڵە نەکراوە. ئەمریکا وەک خۆی هەوڵدەدات بەرژەوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پارێزراو بێ و نایهەوێ بە کەوتنی کۆماری ئیسلامیی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی بکەوێتە بەرمەترسی لە ناو چوونەوە. کەواتە هەڵە نیە کە بڵێین ئەمریکا بژاردەیەکی تری جیا لە سازان و گوشاری زۆر بۆ سەر ئێران نییە. ئەمرۆ کۆماری ئیسلامیی لەوپەڕی لاوازی دایە. توانا نیزامییەکانی لاواز بووە. زیانی گیانی زۆر بەر ڕێبەریی سپای پاسداران کەوتووە و زۆرێک لە ناوەند و بنکە و دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی وێران بوون. خامنەیی لە هەموو لایەکەوە دەستی بەتاڵە و هیچ ئاسۆیەکی ڕوون لەبەردەمیدا نییە و پاوانخوازی هاوپەیمانانی ناوچەییش لەوانە ڕوسیە و چینیش زۆر جێگای دڵخۆشکەر نین و بەڵکوو بۆ دەسەڵاتی تاران جێگای نیگەرانیە. هەڕەشەکان جیدین و پەیامی ڕوونیان بۆ خامنەیی هەیە ئەویش تەسلیمبوون و ملکەچ بوونە. ملکەچ نەبوونی ئێران، بارودۆخی ئابووریی خراپتر دەکات. قەیرانەکان تەشەنە دەستێن. کۆماری ئیسلامیی هەم لە ناوەوە ڕیسوایە هەم لە دەرەوەش دۆڕاوی سەرەکی هەموو مەیدانەکانە. ئەمرۆ ئێران لە خراپترین بارودۆخی خۆیدا بەسەر دەبات. ناکۆکییەکانی ناو لوتکەی دەسەڵات ڕۆژبەڕۆژ قووڵتر دەبنەوە. تەنانەت لایەنگرانی هاتنەوە و چالاک بوونەوەی **گوتاری چاکسازیش ناتوانێ تەمەن بۆ ڕژیم بکرێ. پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ئیسلامیی و زۆرینەی خەڵکی ئێران، گەیشتۆتە خاڵێکی بێگەڕانەوە. دەسەڵات نەک هەر مافی ژیانێکی ئاسایی لە زۆرینەی کۆمەڵگا زەوتکردووە، بەڵکوو بە زیندان، لە سێدارەدان، سەرکوتکردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان، وەڵامی خواست و ویستی ناڕازیان دەداتەوە. ئەم دۆخە بە کردەوە کۆمەڵگای ئێرانی لەبەردەم تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە داناوە.**

**ئەگەر خۆمان لە گوشارە دەرەکییەکان ببوێرین کە ڕەنگە زۆریش دڵخۆشکەر نەبن بەڵام لە کۆمەڵگای ئێراندا بە کردەوە ڕەوتگەلێک خەریکی گەشە و پەرەسەندنن کە ئەم ڕەوتانە دەتوانن بە کردەوە کۆماری ئیسلامیی بڕوخێنن و جێگەی دڵخۆشکەریشن. مەیلی شۆڕش و بەرخۆدان کە خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتییە لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و خوازیاری جۆشدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بە پانتایی هەموو ئێران شکڵی گرتووە و لە هەڵکشاندایە. ستراتێژی ئەم مەیلە خوازیاری ڕوخانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییە نەک چاکسازی و نەک سازان، ئەم مەیلە پشت ئەستوورە بە مێژوویەکی پڕشنگدار پێکهاتوو لە خەباتی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز کە ئەزموونی شۆڕشێکی وەکوو ژن ژیان ئازادیان لە پشتە. جەماوەری بەشدار لەم مەیلە خاوەنی وشیاری سیاسییە و قۆڵی لێهەڵماڵیوە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر. ئەم مەیلە لە کوردستان باڵای بەقەد مێژووکەی بەرزە و قامەتی لەشکان نەهاتویە. ئەم مەیلە لە فۆرم و شێوازی جۆراوجۆردا** بەردەوام لەسەنگەری دژی ڕژیم دایە. ئەم شۆڕشە بە گرتنەبەری تاکتیکی نوێ و بە شێوازی نوێ خۆی بەرۆژ دەکاتەوە. کۆماری ئیسلامیی نە بە بزەی دیپلۆماسی و نە بە مانۆڕ و نە بە چاکسازی، ناتوانێ تەمەن بۆ دەسەڵاتە قیزەونەکەی بکڕێتەوە. شووشەی تەمەنی دەسەڵات لە دەستی بە هێزی جەماوەردایە. ئەم هێزە لە کوردستان دڵخۆشکەرە.

## دریژەی سەروتار

بەمجۆرە لێرە ژنانی کورد نەیان ویست قەتیس بن و ببنە کۆیلەی تاریک پەرەستانی تاران. ژنان لێرە لە کوردستان لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەرانی خەبات و تێکۆشاندا، بەرەو ئاسۆی روون هەنگاویان دەنا. ئەگەر بمانەوێ لە کوردستان قۆناغێکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخ بۆ پێناسەی خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان دەستنیسان کەین، ئەوە شۆڕشی ژینا بە دروشمی ژن ژیان ئازادی لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، دەتوانێ دەسپێکی ئەم قۆناغە بێ بۆ خەبات و ئازادی و یەکسانی کە زۆر زوو بوو بە هێمای مافخوازیی نەتەنیا ژنان بەڵکوو گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

شۆڕشی ژینا بە پێشانگەیەتی لاوانی نەوەی نوێ لە کوردستان سەریهەڵدا و بەخێرایی هەموو سنوورەکانی تێپەڕاند و وەک پێویستییەکی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش دەرکەوت. ئەگەرچی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان خاوەن مێژوویەکی دووردرێژن، بەڵام ژن ژیان ئازادی توانی ڕەنگ و بۆنێکی تازە ببەخشێ بە بزووتنەوەی سەرتاسەری لە ئێران و ڕزگاری بکات لە دیسکۆرسی ئایینی و پیاوسالاری و بەتایبەت ئیسلاحخوازی دەوڵەتی.

پرسی یەکسانی لە کوردستان و بایەخدان بە بەشداری ژنان لە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا و لەوانە سیاسەت، بەشێکی سەرەکی لە ڕوانین و مێژووی خەباتی ژنان و پیاوانی تێکۆشەری چەپ و سۆسیالیست بووە و دەورێکی گرنگی لە گەشەی پۆتانسیل و توانای ژنان گێڕا. شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە کوردستان ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ژنانی کورد لە کوردستان دەتوانن پێشەنگ بن و ڕۆڵی ڕێبەر بگێڕن و شان بە شانی پیاوان لە سەنگەردابن بۆ نەمانی بیری قێزەونی پیاوسالاری و لە گۆڕنانی دیکتاتۆڕەت و نەمانی داگیرکاریی لە کوردستان.

بە دڵنیایەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە بێ بەشداریی بەرینی ژنانی تێکۆشەر و خەباتکار لە شێواز و ئاستی جۆراوجۆردا نەیدەتوانی لەم ئاستەی ئەمڕۆدا بەردەوام بێ و ئەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆی بەدەست بێنێ. کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئازادی و سەربەستی و یەکسانی پێویستی بە هێزی مەزنی هەموو توێژەکانیەتی و ژنان دەورێکی یەکلاکەرەوەیان لە خەباتی ئەمڕۆ و داهاتووی کوردستان دەبێ و بەشداریی ژنان لە ڕێبەرایەتیی شۆڕشدا لە پێویستییە سەرەکییەکانی داهاتوویەکی گەش بۆ بزووتنەوەی کوردستان و کوردستانی پاش ڕزگاری لە دەستی تاریک پەرەستان.

نا بۆ توندوتیژی دژی ژنان

سەرکەوێ خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافەڕەواکانیان.

# لە پێناو یەکگرتنی هێزە سیاسی و مەدەنییەکان لە کوردستان، هەنگاوەکانمان چڕتر کەینەوە

د.ئارێز-سنە

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەرمایەداری ئیسلامی لە تاران لە ناو قەیرانەکانی خۆیدا داگیرکەرتر، توندتر و فریودەرتر بووە. قەیرانی نێوان فەرمانبەران، بەتاڵبوونی سیاسی، ڕووخانی ناوخۆیی حکومەت و فشاری دارایی و ژینگەیی- هەمووی بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕژیم چارەسەر لە «قەیرانخوازی» بدۆزێتەوە و لە هەر ڕوویەکدا هەنگاوێکی ئەمنی کردن بنێت.

لە ناو ئەم بارودۆخەدا، کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت بووەتە ئامانجی تاقیکردنەوەی سیاسەتی جیاکەرەوە، دروستکردنی درزی نێوان هێزەکان و پارچەپارچەکردنی پێکهاتە خەڵکییەکان. هەر بۆیەش، چالاکییە سیاسی-مەدەنییەکان لە کوردستان نمایشت لە عادی سازی سیاسەتی درزیو و فەریبکارانەی دەسکردی خۆیان نین، بەڵکو ڕێژیم هەر هەنگاوێکی خەڵکی وەک هەڕەشەیەک دەبینێت.

**ئامانجی ڕژیم ڕوونە:**

هەرچەندە خەڵک یەکبگرن – هێزە سیاسی و مەدەنییەکان پێکەوە بن – هەمان کات زیانێکی گەورە بە ستراتیژیی سەرمایەداری-ئیسلامی دەگەیەنن. بۆیە ڕێژیم بێ ئارام هەوڵ دەدات کوردستان بێ ڕێکخراو بکات، هێزە دیموکرات و چەپەکان لە یەکدی جیا بکاتەوە و زحمەتکێشان بێ هێز بمێننەوە.

لەم بارودۆخەدا، بەرپرسیاریەتی سۆسیالیستی – یان بە زمان و ئەدەبیاتی سیاسی کۆمەڵە: ئەرکی شۆڕشگێڕی و ئاگاهانەی زحمەتکێشان – پێویستە بۆ پێشەوە بڕوات و خۆی بە ئامادەکاری خەڵک بگونجێنێت بۆ دروستکردنی بەرەیەکی سیاسی-مەدەنیی بەهێز و کاریگەر.

١. یەکگرتن: هەنگاوێکی پۆلی-مێژوویی، نە تاکتیکی سەرەوەرساز

لە بینینی سۆسیالیستی، بەتایبەتی لە ڕوانگە و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵە:

یەکگرتن بازاڕکردن نییە،

یەکگرتن سازش نییە،

یەکگرتن تەنها ڕێگایەکی تاکتیکی نییە، بەڵکو هەنگاوێکی پۆلی-مێژووییە کە خەڵک دەگەڕێنێتەوە بۆ پێکهێنانی هێزێکی یەکپارچە.

هەر کات تێکچوونی پۆلایەتی – نێوان گەنجان، ژنان، کرێکاران، مامۆستایان، چالاکە مەدەنییەکان – هەبێت، ڕێژیم لەو شیکافانە سوود دەبینێت و تواناکانی خۆی کۆدەکاتەوە ژینگەی یەکگرتن لە خوارەوە دەست پێدەکات لە ناو کۆمەڵە خەڵکی و دامەزراوە خەڵکییەکاندا، نە لە دەمی نۆخبە و پەیوەندییە سەرەوەیییەکان.

یەکگرتن ئەو کاتە «ڕوون» دەبێت کە لە چوارچێوەی پێداویستییە پۆلاییەکانی خەڵک بێت:

نان، خانووبەرە، کار، دیموکراسی، ئازادیی چالاکی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای مردن، ژین-ئازادی و دژی جیاکاریی سەرمایەداری ئیسلامی.

٢. فێڵ و نەخشە خراپەکانی سەرمایەداری ئیسلامی لە کوردستان

ڕێژیمی ئیسلامی پەروەردەکراوە لە فێڵ و دروستکردنی تێکچوون، بەتایبەتی لە ناو کوردستان. تاکتیکەکانیان بە ڕوونی:

١. تێکدان لە نێوان چالاکان

چالاکە مەدەنی و سیاسییەکان تەنها ئەگەر باوەڕیان بە یەکتری ببڕدرێت، دەبنە هێز. بۆیە ڕێژیم هەوڵ دەدات گومان، ناڕەزاییەکی ساختە و زانیاریی هەڵە بڵاو بکاتەوە.

٢. بەکارهێنانی مێژووی جیاکەرەوە

ڕژیم دەزانێت چۆن ناکۆکییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان بکات بە چەکی تێکدانی جەبهەی دیموکراتیک.

٣. پاراستنی کۆنسەرڤاتیزمی نەتەوەیی

لە کوردستان، سروشتی خەڵکەکە چەپ و سۆسیالیستییە، بەڵام ڕژیم هەر جار هێز و پەیوەندیی نەتەوەپەرستی و ئایدیۆلۆژیی ئایینیی دەرەکی دەهێنێت بۆ لاوازکردنی چەکی پۆلایەتی.

٤. دروستکردنی پرۆژەسازییەکی ساختە

ئەوەی زۆر جار بە «ڕێکخراوە مەدەنییەکانی پەیوەندیدار بە ڕێژیم» ناودەبرێت- لە ڕاستیدا دامەزراوەن بۆ کەمکردنەوەی چالاکیی خەڵکی

کۆتایی:

ئامانجی ڕێژیم پاشەکشەکردنی زحمەتکێشانە، تا ئەوەندەی کە جەمسەرەکەی خۆی بپارێزێت.

٣. پێویستییەکی مێژوویی بۆ پێکهاتنی جەبەیەکی دیموکرات-سۆسیالیستی

کۆمەڵە باوەڕی هەیە کە هێزی یەکیەتی زحمەتکێشان ناچالاک نییە؛ بەڵکو پێویستە بە چوارچێوەیەکی ڕێکخراو، ڕوونکارییەکی سیاسی و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ پێکهاتبێت.

ا) دامەزراوە خەڵکی و سەربەخۆکان، بەشێکی سەرەکی بەرەکەن ڕژیم هەر دامەزراوە خەڵکییەک وەک دوژمن دەزانێت.

یەکگرتن واتا هێز دان بە چەکی خەڵک- چەکی مەدەنی، سیاسی، کرێکاری- نە بە قەڵەمی ڕژیم.

ب) کرێکاران، گەنجان و ژنان بناغەی جەبهەکەن کاتێک بەرە لە سەرەوە پێکهاتبێت و لە نێوان نۆخبەدا بمێنێتەوە، خۆکارانە دەگۆڕدرێت بە پرۆژەیەکی بۆرژوازی.

جەبهەی سۆسیالیستی و دیموکراتیک پێویستە لە خوارەوە- لە ناو خەڵک- پێکهاتبێت.

ج) ڕەخنەی سۆسیالیستی، نە ڕەخنەی وێرانکەر

ڕەخنە گرنگە: دروستکردن، ڕوونکردنەوە، هێز دان بە بۆشاییەکی سیاسییەوە.

نە بریتییە لە هەڵکێشانی یەکتری، یان خۆڕاگری بۆ سوودی ڕژیم.

٤. پەیوەندی نێوان تاکتیک و ستراتیژی: هەردووکیان پێویستن، بەڵام جیاکردنەوەیان گرنگە

تاکتیک:

نزیکبوونەوە، هەماهەنگی و دروستکردنی هەنگاوە کاریگەرەکان بۆ مەرجی ئێستا – ڕێکخستن، هاوبەشکردن، پشتیوانی لە چالاکییە مەدەنی و سیاسییەکان.

ستراتیژی:

گۆڕانکاریی ژێربنایی – دیموکراسییەکی ڕاستەقینە، دروستکردنی سیستەمێک کە لە بنەڕەتدا هێز بە پۆلی زحمەتکێشان دەدات و جێگری سەرمایەداری-ئیسلامی دەخاتە شوێنی.

کۆمەڵە باوەڕی هەیە:

هیچ جەبهەیەکی تاکتیکی ئەگەر نەتوانێت بناغە دروست بکات، ناتوانێت سەرکەوتوو بێت.


٥. کۆتایی: هەنگاوەکانی بەرپرسیاریەتی شۆڕشگێڕانە


لە چەندین بواردا، ئێستا کوردستان دەنگی «هێز بدەن» دەدات. لەم کاتەدا، سۆسیالیستەکان و هێزە چەپەکان پێویستە بزانن:

- یەکگرتن هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەیە، نە دیپلۆماسییەکی سەرەوەساز؛
- بناغەی یەکگرتن پێویستە لە داواکارییە ڕوون و پۆلاییەکانی زحمەتکێشان بێت؛
- هەر جۆرە پارچەپارچەکردنێک، پرۆژەسازییەکی ساختە، یان دروستکردنی درزی، تەنها سوودی ڕێژیمی سەرمایەداری ئیسلامی دەگەیەنێت.

ئەگەر کوردستان بتوانێت جەبهەیەکی دیموکراتیک-چەپ دروست بکات، دەتوانێت هێزێکی نوێ دروست بکات کە بتوانێت جەمسەری ڕێژیم بشکێنێت و ڕزگاری خەڵک بکرێتەوە.

# ٢٥ی نوامبەر، ڕۆژی جیهانی توندوتیژی دژی ژنان





سارا ڕۆستەمی

٢٥ی نوامبەر هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاریکراوە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لە دۆمینیکان لە ساڵی ١٩٣٧ هەزارکەس بە بیانووی ئەوەی پێستیان ڕەشە لە ژێر دەسڵاتی دیکتاتۆریانەی جەنەراڵ ڕافائیل تروجیلۆدا دەکوژرێن، لە هەمان کاتدا دەرگا بە ڕووی سپی پێستەکانی جولەکە ڕاکردووەکاندا دەکرێتەوە و لەو سەروبەندەشدا و لە ٢٥ی نوامبەر بە شێوەکی نامرۆڤانە و دوور لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی، سێ خوشک بە ناوەکانی (منیرفا، پتریا، ماریا) دەڕفێنرێن و دواتر دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەریان و دەکوژرێن. دوای ئەم کارەساتە هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەموو ئەوکەس و لایەنانەی کە بڕوایان بە ئازادی ژن و مافەکانی مروڤ هەبوو کەوتنە خۆ بۆ وشیارکردنەوەی ژنان لە جیهاندا.

–توندوتیژی دژی ژنان ڕووداوێکی جیا نییە بەڵکو سیستەمێکە کە ڕەگی لە هەژموونی پیاوانەوە لە دەسەڵات، یاسا دانان، ئابووری و کولتووری کۆمەڵایەتیدا سەرچاوەی گرتووە و کاریگەری جەستەیی و دەروونی قووڵی هەیە، ژنان لە هەموو تەمن و باکگراوندی کۆمەڵایەتی و پیشە و ئایین و نەتەوەکان ڕووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە.

–سیستەمە سیاسییەکانی ئیستا بە یاسا و کردارەکانیانەوە دژی ژنان، چ لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی یاساکانی باری کەسییی کە جیاکاری ڕەگەزیی بە هێز دەکات و چالاکوانانی ژن سەرکوت دەکات کۆنگرەی جیهانی مافی مروڤ بە شێوەیەکی تایبەت جەخت لە سەر گرنگی کارکردن لە پێناوی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکاتەوە لە بوارەکانی ژیانی گشتی و بە تایبەت توندوتیژی سێکسی و بازەرگانی بە ژنان و نهێشتنی جیاکاری لە سەربنەمای ڕەگەز و لە بواری دادگا و نەهێشتنی هەر بەرکەوتنێک، کە بە هۆی پاراستنی مافی ژنان لە لایەک و لێکەوتە زیانبەخشەکانی هەندێک لەو کار و ڕەفتارانەی پەیوەندییان بە بەها کۆنەکان و ئەوانەی پەیوەندییان بە دابونەریت و توندڕەوی کەلتووری و توندوتیژی ئایینیەوە هەیە.

دەستەواژەی توندوتیژی دژی ژنان: هەر کارێکی توندوتیژیە لە سەر بنەمای ڕەگەز کە لە ئاکامیدا ئەگرێ دروست بوونی ئازارێک یان زیانێکی گیانی و سێکسی و دەروونی بە ژن بگەیەنێت و بە هەمان شێوە هەڕەشەکردن بە ئەنجامدانی ئەم کارە و بە زۆر ناچارکردنی ژن بە زەوتکردنی ئازادییەکانی بە توندوتیژی دەژمێردرێت.

جورەکانی توندوتیژی بریتین لە:

.توندوتیژی جەستەیی و سێکسی و دەروونی لە چوارچێوەی خێزان، کە لێدانی توندو دەستدرێژی سێکسی منداڵی مێیینەی نێو خێزان و توندوتیژی تایبەت بە مارەیی و بڕینی ئەندامی سێکسی مێیینە دەگرێتەوە جگە لە ڕەفتار نەریتییە ئازار بەخشەکان دژ بە ژنان و توندوتیژی دژ بە ژن لە دەروەی بازنەی خێزان.

.توندوتیژی جەستەی و سێکسی و دەروونی کە لە چوارچێوەی گشتی کۆمەڵگا ئەنجام دەدرێت، زیانگەیاندنی سێکسی لە شوێنی کارو فێرکارییەکان، بازەرگانی کردن بە ژنان وناچار کردنیان بە لەشفرۆشی.

پێشێلکردنی مافە مرۆییەکان ژنان بەو شێوازانن:

١.توندوتیژی دژ بە ژنان کە کاتی شەڕی چەکداری و هەروەها دژ بە ژنانی کۆچبەر و پەنابەر دەکرێت.

٢.ژنانێک کە لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دووردەخرێنەوە.

٣.ناچارکردن ژنان بە ڕێگرتن لە دووگیانی و کوشتنی کۆرپەلەی کچ و هەڵبژاردنی ڕەگەزی کۆرپەلە پێش لە دایکبوونی.

٤.هەڕەشەکردن بە ئەنجامدانی توندوتیژی لە نێوماڵ یان لە نێو کۆمەڵگا بە گشتی.

–یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە تێڕوانینێکی فراوانەوە دەڕوانێتە پێناسەکردنی توندوتیژی بە بەستنەوەی بە چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی وبەو پێیەی کارێکی زیانبەخشە کە ئاڕاستەی تاکێک یان کۆمەڵێک لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی دەکرێت و ڕەگو ڕیشەی ئەم توندوتیژییەش بۆ نایەکسانی لە بواری جۆری کۆمەڵایەتی و خراپ بە کارهێنانی دەسەڵات و بوونی عورفی زیان بەخش دەگەڕێتەوە ولەوانەشە کوڕێک و پیاوانیش بگرێتەوە.

توندوتیژی لە ئیران:

جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە ئیران بریتین لە:

–توندوتیژی جەستەیی: سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان، دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانیان

–توندوتیژی یاسایی: دەرکردنی یاسای سنووردار، نایەکسانی لە دادگا و دادپەروەریەکان.

–توندوتیژی یاسایی تاکی وبنەماڵە: یاسای نایەکسان لە بواری هاوسەرگیری، تەڵاق، بە خێوکردن و میرات. سزاکانی وەک بەرد باران بۆ (تاوانی ئەخلاقی)

–توندوتیژی کۆمەڵایەتی و کلتوری: پڕوپاگەندەی حکوومەت دژی ژنانی فێمینیست و خەباتکار لە ئیراندا و نەهێشتنی هەر شێوە جووڵانەوەیان، کۆڕوکۆبوونەوەیک بە مەبەستی پەروەردەی ژنان لەو وڵاتەدا جگە لەوانەی کە خۆیان هەڵیانبژاردوون و لە دارودەستەی خۆیانن واتە ئەوژنانە کە پەسندی (بەیت–یڕەهبەری)ن.

–توندوتیژی ئابووری: سنووردارکردنی کار و کەمبوونەوەی دەستگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکان و نەبوونی داهات بۆ ژنان و لە ژێر سێبەری ئەو حکوومەتە کە بۆ ڕاگرتنی ژیانێکی سێ کەسی پێویستە لانیکەم دوویان کار بکەن تا بتوانن دەرەقەتی بژیوبێن. ئەوە هیچ کە هەلی کار بۆ ژنان کەمە، ئەگر ژنێکیش لە شوێنیکی حکوومی یان کاری تایبەت دامەزراو بێت تووشی گێچەڵی جنسی دەبێتەوە.

ناڕەزایی ژنان و پیاوان کە دژی ئەم توندوتیژییانە لە ئیران و ناوچەکە، بۆتە سیمبولی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. گۆڕانکارییەکانی نەوەی نوێ و لاوان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داوای مافی یەکسان و ئازادی زیاتردەکەن وبە دڵنیاییەوە ئەوە لاوان و ژنان و کچانی ئیران و کوردستان دەگرێتەوە. هەمیشە ژنان سەلماندوویانە دەتوانن بەرەنگاری ئەم توندوتیژییانە ببنەوە و ببنە سیمبولی تێکوشان بۆ ئازادی و یەکسانی.

خۆپیشاندانەکانی ئەو دواییانە لە خەرمانانی ١٤٠٠، نموونەیکی بەرچاووی توندوتیژی سیستماتیک دژی ژنان بوو کە بە کوشتنی ژینا ئەمینی، ناڕەزایی بەرفراوانی لێکەوتەوە و گەورەترین شورشی نە تەنیا لە کوردستان و ئیران بەڵکو لە هەموو جیهان دەرکەوت کە ژن هەمیشە سیمبولی ئازادی و شورش و ژیانە.

کۆتایی:٢٥ی نوامبەر: ڕۆژێکە بۆ وەبیرهێنانی هەموو ژنان کە لە هەر کویدا هەن مافێکیان هەیە؛ژیانێکی بی تندوتیژی، بی ترس و بی ناحەقی. ئەم ڕۆژە بانگەوازێکە بۆ کۆمەڵگا، حکوومەت دامەزراندنان وتاکەکەس، هەناوێک هەڵگرن بۆ ئەو جیهانە کە تییدا ژنان بە هوشیاری و ئازادی هەوڵ بدەن بۆ ژیانێکی باشتر و دور لە هەر ئازار و ئەستەمێک.

## ڕۆڵی ژن لە دوای بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە ڕۆژهەڵات



سەعدوون شەریف ئازەر

بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، کە بە ناو و یادەوەری ژینا ئەمینی لە ساڵی ١٤٠١دا هەڵگیرسا، خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی هاوچەرخی خەباتی ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. ئەم بزووتنەوەیە تەنیا ناڕەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکو پێناسەکردنەوەی پێگەی ژن بوو لە گۆڕەپانی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیدا. دوای ئەم ڕاپەڕینە، ڕۆڵی ژنان لە کوردستان چ لەسەر ئاستی چالاکییە مەدەنییەکان و چ لەسەر ئاستی چالاکی تاکەکەسی، گۆڕانی قووڵ و بەردەوامی بەخۆیەوە بینی.

١. فراوانکردنی هۆشیاری سیاسی و داواکاری کۆمەڵایەتی

دوای ئەو بزووتنەوەیە ژنان لە کوردستان زیاتر ئاگاداری مافەکانیان و هەڵاواردنی پێکهاتەیی و گرنگی یەکسانی بوون. ئەم هۆشیارییە نەک هەر لە شارە گەورەکان بەڵکو لە گوند و ناوچە بچووکەکانیشدا بڵاوبووەوە. گەنجان، بە تایبەت کچان بە متمانەی زیاترەوە چوونە ناو گۆڕەپانی سیاسی و کولتوورییەکان و خواستی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان گەیاندە ئاستی گشتی کۆمەڵگا.

٢- بوونی بەهێزتر لە فەزای گشتیدا

یەکێک لە دەرئەنجامە گرنگەکانی دوای بزووتنەوە، زیادبوونی بوونی ژنانە لە شەقام و شوێنە هونەریەکان و شوێنە وەرزشییەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان. زۆرێک لەو سنووردارکردنانەی کە پێشتر ژنانیان لە فەزای گشتی دوور دەخستەوە، خراونەتە ژێر پرسیارەوە. ژنان بە بوێرییەکی زیاترەوە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕێکدەخەن و ڕۆڵێکی کارا لە داڕشتنی فەزای کولتووری و مەدەنیدا دەگێڕن.

٣. ڕێکخستن و هاوپشتی ژنان

دەستکەوتێکی گرنگی دیکە پێکهێنانی تۆڕەکانی هاوپشتی ژنانە. ئەم هاوپشتییە نەک تەنها لە شێوەی چالاکییە فەرمییەکان، بەڵکو لە پەیوەندییە ڕۆژانەییەکان و پاڵپشتی سۆزداری و پەروەردەیی و تەنانەت ئابووریی ژنانیشدا دەبینرێت. ژنانی کورد بە ئیلهام وەرگرتن لە دروشمی ژن،ژیان، ئازادی، هەوڵی بەهێزکردنی کولتووری هاوکاری و بەرخۆدانی بەکۆمەڵیان داوە.

٤. بەهێزکردنی شوناسی کولتووری و سیاسی

ئەو بزووتنەوەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە ژنانی کورد بە شێوەیەکی نوێ سەیری شوناسی کولتووری خۆیان بکەن. بەکارهێنانی زمانی کوردی، بەرهەمهێنانی بەرهەمی هونەری، مۆسیقا، ئەدەب و جلوبەرگی نەریتی مانایەکی نوێی وەرگرت: هێمای بەرخۆدان. ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە بەرهەمهێنانەوە و فراوانکردنی ئەم شوناسە و یارمەتیدەر بوون بۆ پێشخستنی گوتاری ئازادی و یەکسانی لە چوارچێوەی کولتووری کوردیدا.

٥. کاریگەری لەسەر نەوەکانی داهاتوو

ڕەنگە گرنگترین کاریگەری درێژخایەنی بزووتنەوەکە گۆڕانی تێڕوانینی نەوەی گەنج بێت بەرامبەر بە ڕۆڵی ژنان. کچان و تەنانەت کوڕانی هەرزەکار لە کوردستان ئەمڕۆ لە ژینگەیەکدا گەورە دەبن کە ئازایەتی و یەکسانی و ئازادی زیاتر دەبینرێت و ستایشی دەکرێت. ئەم گۆڕانە لە هەڵوێستدا ئایندەیەکی جیاواز بۆ کۆمەڵگا دادەڕێژێت.

**ژن،ژیان،ئازادی**

# چاوخشاندنێك بە سەر خەباتی ژنان لە كوردستانی ئێراندا

## لە نووسینی هاوڕێی گوڵڕۆخ قوبادی



وەرگەڕاندن بۆ کوردی: مەجید مارابی

**بەشی یەکەم؛**

ماوەیەکە ئەم پرسیارانە زەینی زۆرێک لە خەباتکارانی بە خۆوە سەرقاڵ کردوە بۆچی خەبات لە پێناو مافەکانی ژنانی کوردستاندا؟ تایبەتمەندیەکانی ئەم خەباتە کامانەن؟ بۆ وەڵامدانەوە و شیکردنەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە بە کورتیش بووە دەست بخەینە سەر چەند پرسێک. سەرەتا لێکدانەوە و پێشینەی خەباتی ژنانی کوردستانی ئێران و دواتر هەلومەرجی ئێستا ئەم خەباتە و داهاتووی لێکدانەوەی ئەم خەباتە کۆمەڵگەی کوردستان ساڵەهایە لە ژێر ستەمی جۆراوجۆری چینایەتی، نەتەوەیی، مەزهەبی و .....دایە. جگە لەم ستەمانە، دەبێ ئاماژە بە ستەمی جنسی وەکوو کێشەیەکی گەورە بکەین. خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی بەردەوام لە سەرەوەی ستەمەکانی تردا بووە و بۆتە بنەمایەکی جیایی هەڵنەگری ئەم گەلە. ئەگەر تا ئێستا هەموو چین و توێژەکانی ئەم میلەتە بۆ روخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی خەباتی کردوە. ئێستا ئەم خەباتە لایەنی تازەتری وەکوو مافی بندەستان و ستەملێکراوان، نەهێشتنی کێشەی نەتەوەیی و نەهێشتنی ستەمی رەگەزی بەخۆوە گرتووە. ستەمی رەگەزی لە کوردستاندا پێشینەیەکی دوور و درێژ و مێژوویی هەیە. خەبات لە دژی ئەم ستەمە لە مێژووی ئەم خەباتەدا، بە شێوەی باو دانراوە بە دواتر یان پاش گەیشتن بە سەربەخۆیی ئێستا داخوازیەکانی بزوتنەوەی ژنانیش هاوتەریب و هاوکات لەگەڵ خواستەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی، چینایەتی و ئایینی و... دێتەکایەوە. چونکە مێژووی خەباتی ژنانی کوردستان و تێکۆشانی خەباتکارانی ئەو رێگایە، سەلماندویەتی کە بە بێ لەبەرچاو گرتنی مافەکانی ژنان هیچ دەسەڵاتێکی دیموکراتیک لە ئێران و کوردستاندا بە رەسمی ناناسرێت. ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی ئەم خەباتە و داخوازیەکانی ژنان ئەو راستیە بە روونی دەردەخات. مێژووی خەباتی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی کە مەستوورەی ئەردەڵانی پەروەردە کرد و ئەوی وەکوو ژنێکی کوردستانی کردە یەکەم ژنی مێژوونووسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی ژنان لە شەڕە جۆراوجۆرەکاندا کە بە جل و ناسنامەی پیاوانەوە لە بەرەکانی جەنگدا بەشداری دەکرد



هاوڕێی گوڵڕۆخ قوبادی

دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی ژنانێک کە ژنێکی وەکوو قەدەم خێری کردە سەرکردەی راپەڕینی پشتکۆ. یان بۆ ئەو دایکانەی لە ماڵدا و بەتەنیایی لە کاتی چوونی پیاواندا بۆ نێو ریزی خەبات، بۆ زیندومانەوەی منداڵەکانیان و درێژەدان بە ژیان و لە کۆتاییدا بۆ زیندومانەوەی نەتەوەکەیان تاقەتپڕوکێنترین و سەخت ترین ژیانی وەکوو، بێکاری ، جەنگ، دەستدرێژی، برسیەتی و ئاوارەیان بە گیان کڕی. ئەم رووداوانەش زۆر بە کەمی مێژوونووسان وەکوو خەباتی ژنان و هەوڵەکانی ئەوان بۆ زیندوو مانەوەی میلەتێک و بەردەوام بوونی نەوەی نوێ بە ئەژمار هێناوە. چونکە مێژوونووسانی ئێمە زۆربەیان پیاون و مێژووی خەباتی چەکدارانەی خۆیان دەنووسنەوە و بە ناوی خۆیانەوە تۆماری دەکەن، و تێکۆشان و خەباتی ژنان لەو رێگایەدا لەبەرچاو ناگرن مێژووی خەباتی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێک کە ژنانێکی دڵسۆز و فیداکاری وەکوو حەفسە خان، مینا خان و دەیان ژنی تر جگە لە یارمەتیدان بە کەمکردنەوەی گرفتەکانی ژنان دامەزراندنی قوتابخانەی

> **ئەگەر تا ئێستا هەموو چین و توێژەکانی ئەم میلەتە بۆ روخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی خەباتی کردوە. ئێستا ئەم خەباتە لایەنی تازەتری وەکوو مافی بندەستان و ستەملێکراوان، نەهێشتنی کێشەی نەتەوەیی و نەهێشتنی ستەمی رەگەزی بەخۆوە گرتووە. ستەمی رەگەزی لە کوردستاندا پێشینەیەکی دوور و درێژ و مێژوویی هەیە. خەبات لە دژی ئەم ستەمە لە مێژووی ئەم خەباتەدا، بە شێوەی باو دانراوە بە دواتر یان پاش گەیشتن بە سەربەخۆیی.**

کچانە و هەوڵدان بۆ ناردنی کچان بۆ قوتابخانە لە بوارەکانی تردا خەباتیان دەکرد ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێک کە ژنانی رۆژنامەنووس و نووسەر و شاعیر گۆرانی بێژ و هونەرمەند تابوەکانیان شکاندو هەوڵیاندا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەردا دەرکەون. وەکوو رەوشەن بەدرخان شاعیر و رۆژنامەنووس، مریەم خان گۆرانی بێژی دەنگ خۆش و خۆشەویستی خەڵک، سەرەنجام ژنی نەناسراو بیرمەندی ئەم سەدەیە روناک یاسین، (١٩٢٠ — ٢٠٠٢) لێکۆڵەر، شوێنەوارناس، مێژوونووس، رەخنەگر و مامۆستای زانکۆکانی هاروارد و دوبلین. و دەیان ژنی تر. ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێک کە ژنانی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ ژنانی جیهان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان هەستانە سەرپێ و خەباتیان کرد بۆ یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان و گەشەی بیر و باوەڕی فیمینیستی لە کوردستان و ناساندنی بە خەڵک تێدەکۆشان. سەرەنجام ئەم مێژووە بەم ساڵانەی دوایی و بە ئەمڕۆ دەگات، کە ئەندێشە و داخوازیەکانی ژنان هاتوەتە ناو بوارەکانی ئەدەبیات، سیاسەت، کۆمەڵ و ئابوریەوە لە کوردستان. بەڵام ئەم هەوڵە بەنرخانە چ دیاریەکی بۆ ئێمە بەجێهێشت و چ وانەگەلێکی بە ئێمە داوە سەردەمی پاشایەتی پەهلەوی بە پشت بەستن بەم مێژووە و درێژەدانی ئەم هەوڵانە بوو کە کچان و کوڕانی کوردستان لە دەیەی ٤٠ و ٥٠ی هەتاویدا خەباتی خۆیان بە ئیلهام گرتن لە خەباتی جیهان، ئێران و کوردستان و بە ئایدۆلیژیای چەپ و مارکسیستی بە گەشەی وشیاری و رێکخستنی خۆیان هەنگاویان هەڵگرت. ئەم لاوە وشیارانە رێکخراوی جۆراوجۆر و نهێنیان پێکهێنا ژمارەیەک لەم لاوانە لە هەمان سەرەتاوە لەگەڵ خەباتی پارتیزانی ئەو سەردەمەی جیهان و ئێران سنوور بەندیان کرد و بە پەیرەوی کردن لە رێبازی جەماوەری، بەهەڵوێستی کرێکاری و تێکەڵ کردنی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی لە کوردستان چالاکیان دەستپێکرد. بەم جۆرە ئەم لاوانە سەرباری هەوڵدان بۆ پێکهێنانی رێکخراوێکی پتەو، بۆ پەرەپێدانی چالاکیەکانی خۆیان لە نێو کرێکاران و زەحمەتکێشانی گوند و شارەکان و ژنانی سەر بە توێژە جیاجیاکانی وەکوو مامۆستایی، کاری بیناسازی، کشت و کاڵی و ...دەستیان دایە چالاکی. سەرەنجام بڕیاری بە کۆمەڵی ئەم خەباتکارانە پێکهێنانی رێکخراوێکی چەپ و مارکسیستی بە ناوی کۆمەڵەی لێکەوتەوە لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندان بۆ روخاندنی رێژیمی پاشایەتی بەشداری ژنان لە خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان بۆ ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی، قۆناغێکی نوێی خەباتی ژنان دەستی پێکرد. ئەوان خەباتی خۆیان لە کونجی ماڵەوە کێشایە سەر شەقامەکان و بیری چەپ و پێشکەوتن خوازانەیان وەرگرت. لە دژی جەهل و دواکەوتوویی و یاسا مەزهەبی و پیاوسالارانەکان وەستانەوە. سەرەنجام زۆرێک لە لەمپەر و تابووەکانیان تێکشکاند، و بەم جۆرە لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا بەشدار بوون ساڵی ١٣٥٧ و دەسپێکی شۆڕش لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕش ئێمە شایەتی دوو بۆچوونی بەرجەستەی مەزهەبی — چەپ و سۆسیالیستی لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا بووین

...بۆ ل٥

دریژەی لاپەڕەی ٤

بۆچوونی مەزهەبی موسڵمانانی لایەنگری بیروبۆچوونی ڕێبەرەکەیان موفتی زادەی دەگرتەوە کە لە ڕێکخراوێکدا بە ناوی مەکتەب قورئان گیرسانەوە. ڕۆڵ و بەشداری ژنان لەو تەشکیلاتەدا زۆر لاواز بوو. ئەم بۆچوونە لە هەمان سەرەتاوە لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامی سونیەوە (بە قەولی خۆیان) ئیسلامی نابی موحەمەدی نەک ئیسلامی خومەینی، لە دژی ژنان و ئازادیەکانی هاتە مەیدان. بە خستنە ژێر فشاری ژنان و ئازاردانی ئەوان هەوڵیان دەدا بەر بە خەباتی ژنانی خەباتکار بگرن. بۆ نموونە بەرگرتن لە چوونی ژنان بۆ مزگەوتەکان بە مەبەستی بەشداری کردننیان لە کۆبوونەوە ناڕەزاییەکاندا، بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان و چالاکی و سەردانی ژنان بۆ مقەڕ و بنەکەکانی پارتە سیاسیەکان و ..........هتد

بە جێهێنانی حیجابی ئیسلامی بە هۆی ئەوەی کە لە نەریت وسونەتەکانی مەزهەبی سوننە نەبووە، نە لە سەردەمی خۆپیشاندانەکان و نە دوای شۆڕش و ئازاد بوونی شارەکان نەهاتە ئاراوە. ئەم مەسەلەیە لە ساڵی ١٣٥٩دا دوای داگیرکردنی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە و هێرشکردنە سەر ئازادیەکانی خەڵک، بە یاسا بە سەر خەڵکیدا سەپێنرا.

**بۆچوونی چەپ و سۆسیالیست**

ئەم بۆچوونە کە پێشینەیەکی تاڕادەیەک دووروردرێژی لە کوردستاندا هەبوو، لە هەمان ڕۆژەکانی یەکەمی شۆڕشەوە لە کوردستان وەکوو بۆچوونی سەرەکی ئەو خەباتە هاتەئاراوە.

هۆکارە کاریگەرەکانی هەیمەنە و گەشەسەندنی ئەم بۆچوونە بریتی بوون لە:

داخوازی پرسی نەتەوەیی، بوونی زۆرینەی سوننە مەزهەب، نفوز و متمانەی حیزبە چەپەکان، وەکوو کۆمەڵە، چریکە فیدایەکانی خەڵک و پەیکار و ....ئەندام بوونی ژنان و پیاوانی گەنج و لاو لەو ڕێکخراوانەدا و پێکهاتنی ژینگەیەکی ئازاد بۆ گەشەکردنی بۆچوونی چەپ و ئازادیخواز لە نێوان لاوان و خەڵکدا، و لەگەڵ ئەوەش پاشەکشە پێکردنی بۆچوونە ئایینی و دواکەوتووانەکانی کۆمەڵگە، هەمووی ئەمانە و چەندین مەسەلەی تری وەکوو ئەمانە بوون بە هۆی ئەوەی کە هەلومەرجی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی تری ئێران لە خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی شێوازێکی تر بە خۆوە بگرێت.

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕش و ئاشکرا بوونی حیزبەکان، دوو حیزبی سەرەکی کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵە دەستیان بە کار و چالاکی کرد، و توانیان ببنە دوو هێزی جێکەوتووی کوردستان.

**دەسەڵاتداریتی کۆماری ئیسلامی**

لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتینی کۆماری ئیسلامی و دەرکردنی یەکەم فەرمانی خومەینی سەبارەت بە حیجابی زۆرەملی، ژنانی کوردستانیش لەگەڵ ژنانی ئێران لە دژی ئەو فەرمانە خۆپیشاندانێکی بەربڵاویان ڕێکخست. لەو خۆپیشاندانەدا بۆ یەکەم جار و دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەری خومەینی دروشمی نە روسەری نە توسەری، نا بۆ ئەم دیکتاتۆریە دەوترایەوە. چەند ڕۆژێک زیاتر لە دەسەڵاتی ئەم ڕژێمە تێنەپەڕیبوو کە یەکەم شەڕی کوردستان لە سنەوە دەستی پێکرد. بە دەستپێکردنی ئەم شەڕە ژنان لە نەخۆشخانەکان و یارمەتی گەیاندن بە بەرەکانی جەنگ و دابینکردنی پێداویستیەکانی خەڵک، لە ڕێگای بنکەکانەوە ڕۆڵێکی بەرجەستەیان گێڕا.



**لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتینی کۆماری ئیسلامی و دەرکردنی یەکەم فەرمانی خومەینی سەبارەت بە حیجابی زۆرەملی، ژنانی کوردستانیش لەگەڵ ژنانی ئێران لەدژی ئەوفەرمانەخۆپیشاندانێکی بەربڵاویان ڕێکخست. لەو خۆپیشاندانەدا بۆ یەکەم جار و دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەری خومەینی دروشمی نە روسەری نە توسەری، نا بۆ ئەم دیکتاتۆریە دەوترایەوە. چەند ڕۆژێک زیاتر لە دەسەڵاتی ئەم ڕژێمە تێنەپەڕیبوو کە یەکەم شەڕی کوردستان لە سنەوە دەستی پێکرد. بە دەستپێکردنی ئەم شەڕە ژنان لە نەخۆشخانەکان و یارمەتی گەیاندن بە بەرەکانی جەنگ و دابینکردنی پێداویستیەکانی خەڵك، لە ڕێگای بنکەکانەوە ڕۆڵێکی بەرجەستەیان گێڕا.**

**شورای ژنان**

یەکەم دەسکەوتی ژنان لەم دەورەیەدا ڕێکخراوە ئاشکراکانی ژنان لە ژێر ناوی شورای ژنان یان کۆڕی ئافرەتان، لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا بوو. ئەم ڕێکخراوانە لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا چەندین کاری هەماهەنگیان ئەنجام دەدا. ئامانجی ئەوان ڕێکخستنی ژنانی ڕۆشنبیر بۆ گەشەپێدانی وشیاری خەڵک و ڕێکخستنی ژنان لە دێهاتەکان و، پەراوێزی شارەکان، کارگەکانی فەرش چنین و ....بە مەبەستی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە کۆمەڵایەتیەکان بوو.

**هێرشکردنەسەر دەسکەوتەکانی خەڵک**

بە هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر شارەکانی کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ و هاتنی جەلادی کۆماری ئیسلامی خاڵخاڵی و لێسەندنەوەی ئازادیەکانی خەڵکی و هەڵپێچانی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و نایاسایی کردنی چالاکی ڕێکخراوەکان و حیزبەکانی ئوپۆزسیۆن، جەنگ و کوشت و بڕ و لە سێدارەدانەکان دەستی پێکرد. لاوانێکی زۆر لە سەرتاسەری کوردستان دەستگیرکران ، و لە ماوەیەکی کورتدا سزای لە سێدارەدانی ئەوان بە بێ دادگایی کردن دەرکرا و جێبەجێ کرا. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ژنان بە مانگرتن و خۆپیشاندانی سەرشەقام و ڕێپێوانەکان کۆڵەکەی قایمی خەبات لە دژی ئەو ئێعدامانە بوون. بەڵام ئەو جەلادانەی سەردەم ڕەحمیان بە هیچ دایک و منداڵێک نەدەکرد.

هێزی پێشمەرگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکومەت و پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش پێکهات و لە شارەکان هاتنە دەرەوە و روویان کردە دێهاتەکان.

پێشمەرگەکان لە پیاوانی لاو پێکهاتن و ژنانی خەباتکاریش لە شارەکان تەشکیلاتی نهێنیان بوژاندەوە و لە نێو خەڵکی شار و دێهاتدا درێژەیان بە چالاکیەکانی خۆیاندا. هاوکات ئەرکە تەشکیلاتیەکانی تری وەکوو پەیوەندی بەرقەرار کردن لەگەڵ ڕێکخستنی شارەکان، پەیوەندی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی و تەداروکاتی، چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و هەواڵی ڕێکخراوەکان، گواستنەوەی خەباتکاران لە شارکانی ئێرانەوە بۆ ناوچە ئازادەکان و دەیان چالاکی تری لەو جۆرەیان ئەنجامداوە. لێرەدا جێگای خۆیەتی کە چالاکی دایکان و هاوسەرانی پێشمەرگەکان وەکوو خاڵێکی بەرجەستەی خەباتی ئەو سەردەمە لە بەرچاوبگرین و سوپاس و پێزانینیان ئاراستە بکەین.

هێرشی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٦٠دا ئەم هێرشە لەگەڵ شاڵاوی خەفەقان و حکومەتی سەربازی ڕانەگەیەندراودا دەستی پێکرد کە هەر دەنگێکی لە گەرودا تاساند. بە هێرشکردنە سەر ڕێکخستنەکان شەپۆلی دەستگیرکردن و ئێعدامەکان دەستی پێکردەوە و لەو پەیوەندەدا ژنانێکی زۆر دەستگیر و دەستدرێژیان کرایەسەر و کەوتنەبەر دڕندانەترین ئەشکەنجەوە و زۆربەیان لە سێدارەدران.

ژمارەیەکی زۆر لەم ژنانە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی ڕێکخراوەکان بەتایبەت کۆمەڵە کە زۆرترین ژنانی چالاک و خەباتکاری لەگەڵدا بوو پەیبوەست بوون.

**ماویەتی..**

# ئاوڕێکی دەروونناسانە بۆ چەمکی توندوتیژی خێزانی



سۆران محەمەدی



ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی ڕێژەیی چاو لە ئەگەرەکانی ڕوودانی توندوتیژی خیزان بکەین و سەرنج بەم چەشنە هەواڵانە بدەین، زیاتر لەو شوێنانە ڕووئەدەن کە نادادپەروەری هەیە، لە شوێنگەلێک ڕووئەدەن کە نایەکسانی هەن و یاسایەکی پتەو بۆ پاڵپشتی ژنان وجوودی نییە، هەڵبەت ڕەنگە بەمانەدا بیر لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بکەینەوە، بیری کوردستانی خۆمان بکەوینەوە و ئەتوانین بە شێوەیەکی خێرا هۆکارەگەلی وەکوو مێژووی درێژماوەی پیاوەزنی و نەریت و ئایین و کەلتوور وەکوو سەبەبکاری مانەوەی ئەم دیارە ناحەزە ناو ببەین.

بەڵام شتەی کە من ئەمەوێ باسی بکەم ئەم پرسەیە کە بۆ وەختێ خێزانێک بۆ نموونە لەو کوردانەی کە کۆچ ئەکەن بۆ وڵاتێکی تری جیهان یەکەمی و ڕۆژئاوایی، مەبەست ئەو شوێنانەی کە یەکسانی و دادپەروەری خێزانیی وەک یاسا پەسەند کراوە و جگە لەمەش چووەتە ناخی کۆمەڵگەی ئەویوە، کەچی هێشتا دەبینین دیسان لەوێیش هەر ئەو ڕەوتی توندوتیژییە زاڵە، هەر لەو بنەماڵەدا کە کۆچیان کردووە دیسان ئەم ناحەقییە بەرانبەری ژن هەر هەیە، ئەبینین بۆ وێنە پیاوەکە خوێندنی زانکۆ و تەنانەت خوێندنیی باڵایشی تەواو دەکا بەڵام ژنەکەی لە ماڵەوەیە و حەقی خوێندنی پێ نادرێت، پیاوەکە لە دەرەوە پێوەندیەکی بەرفرە و کراوەی هەیە دیسان ژنەکەی وەک کۆیلەیەک لە ماڵەوەیە و مافی هیچ شتێکی نییە، پیاوەکە زۆر شوێن دەڕوات و سەفەر دەکات، ژنەکە هەر لە ماڵەوەیە؛ دەمەوێ بڵێم دۆخەکە هەر دۆخەکەی کوردستانە و بەس شوێنەکەی گۆڕاوە، ڕەوشەکە بۆ ژنان هەر ڕەوشێکی نایەکسانە و زۆر جار بەرەوڕووی توندتیژیش دەبنەوە.

کەوابێ گەر بمانەوێ هۆکارەکانی توندوتیژی خیزان بەرتەسک بکەینەوە بەس بۆ کۆمەڵگا و چوارچێوەیەکی دژەژن، ئەوا هەموو بابەتەکەمان نەپێکاوە.

لێرەدا دەبێ کەوانەیەک بکەمەوە و بڵێم کە بێ گومان حکومەت و ڕژیم و یاسا و کۆمەڵگای سەرکوتکار و ستەمکار سەرەکیترین و بەرچاوترین هۆکارەکانی توندوتیژی خێزانن، لێ پرسیاری من ئەوەیە کە چۆنە کاتێ کە لەو دۆخە نالەبار و ناعەداڵەتبارە دوورن و زۆر یاسای پاڵپشتیکاری ژنان هەن، دیسان پێواژۆی توند وتیژی هەر بەردەوامە؟

لێرە دەمەوێ ئاوڕێکی دەروونناسانە لەمە بدەمەوە؛ پێم وابێ وڵامی ئەم پرسیارە ئەگەڕێتەوە بۆ نەست و نابەئاگای بەکۆمەڵی کەسەکان، هەڵبەت مەبەستم نەستی کەسایەتی لە هەردوو ڕەگەزە، ئەگەر بە شێوەی یۆنگی لێی بڕوانین دیارە بە پێی هەزاران ساڵ مێژووی ڕەوتی پیاوەزنی نەستی بە کۆمەڵ وەک چۆمێک کە وردە وردە بەردەکانی ساف و لووس ئەکا، لە جیل بە جیلی ئێمەشدا نۆڕم و بەها و باوەڕەکان لە مێشکی ژن و پیاودا وەها ڕۆنیشتوون کە خودی کەسەکان نازانن ئەو ڕەفتارەی کە ئەیکەن دەرەنجامی هەمان پێکهاتەی دەسەڵاتە و بووەتە سەرباشقەیەکی فێرکراو کە نەسڵ بە نەسڵ گوازراوەتەوە. جا ئەمە لە پیاواندا داب و نەریت و ئایین و یاسا پەرەی زیاتری پێداوە و ئەم مەیلەو سەروەرییە لە مێشکیاندا بنەجێە بووە و ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتار و ئاکار و تەنانەت ئەدەبیات و فۆلکلۆری کوردیدا دەبینین.

بۆ نموونە لە ئاهەنگ و گۆرانی کاتی بووک گواستنەوە؛ دەڵێن:

زاوا لە بووکێ مەدە تۆخودا لە بوکێ مەدە
ئەگەر لە بووکێ بدەی تێکدەچێ دەسرە و شەدە

یانی خەمی تێکچوونی دەسرە و شەدەکە زیاترە تا خەمی لێدانی خودی بووک!

یان لە چیرۆکی فۆلکلۆری مریشکە قوڵە کە بۆ منداڵان دەوترا:

تەق تەقی کەوشان بۆنی وەنەوشان. چارۆکە پیوازێ بە غەمزە و نازێ بۆ کوێ ئەچی؟
مریشکە قوڵە دەیوت: دەچمە شار بۆ شوو کردن!
شوان/گاوان دەیوت شوو بە من ناکەی؟
مریشکەقوڵە دەیوت: بە چی بەخێوم ئەکەی؟
بە نانی شوانی، جا سەرنج بەم پرسیارەی دووهەم بدەن سەیرترە، مریشکە قوڵە دەڵێ: بە چی لێم دەدەی؟ وڵام: بەم گۆپاڵە...!

یانی مەرجی شووکردن خواردنە جا نان بێ یان گۆپاڵ. یانی لێدانی ژن بە شتێکی باو هاتوەتە بەرچاو. ئەمە و دەیان نموونەی لەو چەشنە بۆ سەدان ساڵە چووەتە ناخ و نەستی بە کۆمەڵی ئێمە و نابەئاگایانە لێدانەکە وەک شتێکی ئاسایی و بنەنیشتە دەچێتە مێشکی منداڵەوە.

بەم بۆنەوە پیاو ئەو حەقە بۆ خۆی دەبینێ تەنانەت گەر شوێنەکەش و کۆمەڵگاکەش گۆڕابێ، دیسان ئەو مافە ناڕەوایە لە ناخی خۆیدا دەبینێتەوە. لە ژنانیشدا هەر بەو چەشنە کە کاتێ تاریفی ژنێک دەکرێ دەڵێن زۆر گوێڕایەڵە (واتە ملکەچی مێردە) و زۆر لە خۆ بوردەیە و تەمکین ئەکا، ئەو پیاوەزنییە بە حەقی پیاو دەزانێ.

ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتی ئەم کەسانە بدەین ئەبی هەوڵ بدەین بۆ گۆڕین و بەهێزکردنی بیر و هزری کەسەکان، دەبێ ژن بەوە بگات کە مانای ژن بوون بە وتەی دۆبووار ڕەگەزی دووهەم نییە و یان ئەو شتانەی کە ئاکامی فێرکاری، پەروەردە، گوشار و گرێبەستە کۆمەڵایەتیەکان هێناویەتی بەسەریدا.

دیسان ئاماژە بەوە دەکەمەوە ئەم قسانەی من سەبارت بە تاک، بەس تێبینییەکی دەروونناسانەیە و ئەمە هیچ لە تاوانی کۆمەڵگە و حکوومەت و یاسا و نەریت و ئایین کەم ناکاتەوە، بەڵام وەک چۆن کۆمەڵگا خەریکی پێشڤەچوون و گەشەی فەرهەنگییە و لە خۆیشیا کەلتوورسازی چەمکێکی کات بەر و درێژمەودایە، کەوابێ قورسایی ڕوودانی توندوتیژییەکە بەس ناخرێتە سەر ئەستۆی خودی ژن و بە چەشنێ کە بڵێین تۆ ئەگەر گەشە بە خۆت بدەی و سەربەخۆ بیت و بڕوابەخوت بێ ئیتر کێشەی توندوتیژی چارەسەر دەبێ ، نااا!. کورد گوتەنی یەک دەس بە تەنیا تەقەی نایەت! بەڵام لە پێواژۆی گۆڕین و سڕینەوەی ئەم دیاردە، گەشەی تاکەکەسیش زۆر کاریگەرە، کاتێ کە لە حاڵی حازردا ناتوانین حکوومەت و یاسا و نەریت بگۆڕین لانیکەم با خۆمان و هزری خۆمان بەهێز بکەین. بۆیە فێرکاری کارامەییەکانی ژیان ئەتوانێ یارمەتیدەرێکی زۆر باشی ئێمە بێت. کارامەیی ژیان ئەو توانستانەن کە دەبنە هۆکاری گەشەی تەندروستی دەروونی و زەنگینی پێوەندیی مرۆڤایەتی و ڕەفتاری تەندرووست لە بەستێنی کۆمەڵگەدا.

کە وەک میناک ئەتوانین ئاماژە بە چەن جۆر کارامەیی ژیان بکەین وەکوو؛ کارامەیی بڕیاردان، کارامەیی چارەسەکردنی کێشە، کارامەیی بیری داهێنەرانە، کارامەیی بیری ڕەخنەگرانە، کارامەیی هاوسۆزی، کارامەیی پێوەندی کاریگەر و کارامەیی بەڕێوەبەری کەلەجان. بەڵام ئەو کارامەیی و مەهارەتەی کە لێرە ئەمەوێ زۆر بە کورتی باسی بکەم، کارامەیی پێوەندی کاریگەرە و چەمکی بە بڕشت بوون (Assertiveness) کە بە فارسی (ابراز وجود)ی پێ ئەڵێن، بەو مانایە کە مرۆڤ بتوانێ:

دەربڕینی بیر، هەست، پێداویستی و مافەکانی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ڕوون و ڕێزدار، بەبێ ئەوەی مافی کەسانی تر پێشێل بکەیت یان دەستدرێژی بکاتە سەریان بە کار بێنێ. یانی کەسەکە نە لاوازە: «باشە، هەرچی بڵێی...» (بەبێ ئەوەی بیرۆکەی خۆت بڵێیت) نە توندە: «ئەبێ ئەوە بکرێ کە من ئەمەوێ!» (بێ گوێدانە کەسانی تر) بەڵکوو بەبڕشتە: «من پێموایە ئەم ڕێگایە باشترە، ئەی بۆچوونی تۆ چییە؟» (ڕێز لە هەردوو لایەن). لەم کارامەیی و مەهارەتە، نە مافی کەسی بەرانبەر پێشێل دەکرێ و نە ڕێگە دەدەی کەس مافی تۆ بخوات. نە بێڕێزی بە کەس دەکەی و نە دەهێڵی کەسی تر بێڕێزیت پێ بکات، بۆیە کە باسی کۆنترۆڵی تووڕەیی ئەکرێ، بەو مانا نییە کە هەستیی تووڕەیی هەر بسڕدرێتەوە، بەڵکوو دەبێ وەک هەستەکانی دیکە بەڕێوەبەرایەتیی بکرێت، چون ئێمە مافی خۆمانە تووڕە بین و لە مافی خۆمان پێداگری بکەین، مامۆستا هێمن ئەمەی ناو ناوە ڕقی پیرۆز:

دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم
لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم
دەمکوژێ، ئەمما بەگژ جەللادەکەمدا دێمەوە
کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە

ئێمە بە بەهێزکردنی ئەم کارامەییە ئەتوانین لە پێوەندییە مرۆڤایەتیەکان و بە تایبەت ناو خێزان کەڵکی لێوەربگرین و پێوەندییەکی تەندروست و بە پێی یەکسانی و دادپەروەری بگرینە بەر. یەک لەو شتانەی کە لە کارامەیی بەبڕشت بوونی ئێمەدا کاریگەرە، هێزی نا وتنە. ئێمە ئەگەر کارامەیی نا وتنی خۆمان بەهێز بکەین ڕاستەوخۆ بەبڕشت بوونی خۆمان بەهێز ئەکەین. ئەریکسۆن قۆناغی دووهەمی گەشەی منداڵی ناو ناوە: «سەربەخۆیی بەرانبەری شەرم و دڕدۆنگی». لەم تەمەنەی منداڵیدا کۆرپە تازە سەر پێ کەوتووە و خۆی ئەتوانێ ناو ماڵ بگەڕێ و فێر ئەبێ خۆی شتەکان هەڵبژێرێت و منی منداڵەکەیە ناوەندی بڕیاردانە، بەو مانای کە دەڵێ: من ئەمەوێ ئەم کارە بکەم، من نامەوێ، تەماشای من بکەن، دێتە بەردەم تەلەویزیۆن واتە من گرینگم من ببینن، گڵۆپ هەڵئەکا و ئەکوژێنێتەوە و... هەست بە سەربەخۆیی دەکا، بەڵام کاتێ ئێمە دەنگی ئەدەین و تەمبێی ئەکەین، تووشی شەرم دەبێ و گومان لە سەربەخۆیی خۆی دەکا، بۆیە ئەریکسۆن ئەم قۆناغەی ناو ناوە: سەربەخۆیی بەرانبەری شەرم و دڕدۆنگی، ئەمە هەر ئەو کاتەیە کە (نا)ی ڕاستەقینە لە زمانی منداڵ دێتە دەرەوە، ئەگەر دایک و باوک یان چاودێر ڕێز لە هەڵبژاردنی بگرن فێر دەبێ کە مافی هەڵبژاردن و سنووری تاکیی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر دایک و باوک یان چاودێر لە پەستا سەرکۆنەی بکەن و ناچاری بکەن، (چۆن ماچ نادەی بە خاڵۆت، چۆن ناچیتە باوەشی مامەت؟ چۆن ئەمە ناکەی؟ چۆن ئەوە ناکەی؟) ئیتر منداڵ «نا» کانی دەڕەوێتەوە و... تووشی هەست بە گوناح و گومان لە بڕیاردانی خۆی دەبێت و ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە لە کاتی باڵغ بوون و خۆیا بوونی شوناسیدا، لە نەستیا بیچم بگرێ و بۆ هەر نا وتنێک هەست بە گوناح و ترس بکات.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم کە کارامەیی «نا» وتن و کارامەیی بەبڕشت بوون دوو کارامەیی گرینگن بۆ پێوەندی، بەتایبەت بۆ پێوەندی نێو خێزان و وەکوو قەڵغانێک بەرەنگاری دەکەن بەرانبەری توندوتیژی خیزان و بە نەبوونی ئەم کارامەییانە تەنانەت ئەگەر شوێنەکەش پشتیوانی ژنان بێ، دیسان هەر دەچەوسێنەوە و ناتوانن هەبوونی خۆیان بسەلمێنن.

# هەنگاو بۆ چارەسەر، موژدەی بەیانێکی گەش دەدات...



ئارەزوو کەمانگەر

٢٥ نۆڤامبری هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان دیاری دەکرێت. ئەم ڕۆژە هێمای گرنگیدانی جیهانییە بە مافەکانی ژنان و وەبیرهێنانەوەی ئەوەیە کە تا کۆمەڵگایەک کە ژنان تێیدا ئازاد نەبن و هەست بە ئاسایش و ئەمنییەت نەکەن، هەرگیز ناتوانێت یەکسانی و دادپەروەریی ڕاستەقینە ئەزموون بکات. بەڵام لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستان، لە دەرەوەی تێڕوانینی گشتیی، پێویستی بە شیکارییەکی قووڵی کولتووریی و مێژوویی و سیاسی هەیە بۆ ئەوەی لە هۆکارەکانی بەردەوامیی توندوتیژیی بەرانبەر بە ژنان و ڕۆڵی حیزب و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا، تێبگەین.

من نامەوێ لەم بابەتەدا لە سەر شتەکان زۆر ورد ببمەوە و مێژوو و کولتووری کوردستان هەڵکۆڵم و لە ڕاستیدا ئەمە کاری مێژووناسان، پسپۆڕان و کۆمەڵناسانە و من بە پێی زانیارییەکانی خۆم تێکۆشاوم تەنها هەندێ شت بخەمە ڕوو. وەکوو ژنە کوردێک کە هەم هەڵگری کولتووری کوردیە و هەمیش بریندارى ئەو کلتوورەیە ئەم بابەتە دەورووژێنم، ڕەنگە تفێکی سەرەوژوور بێ و هەر نێوچاوانی خۆمان بگرێتەوە، بەڵام پێویستە هەندێ جار نقورچکێک لە خۆمان، لە کولتوورمان، لە داب و نەریتمان بگرین تا بتوانین گۆڕانکاریی ئەرێنی تێیدا درووست بکەین. ئەم نوقرچکە وەک شەربەتێک وایە ڕەنگە تاڵ بێت و نێو زارمان تاڵ بکات بەڵام لە کۆتاییدا نەخۆشینەکەمان چارەسەر دەکات و ڕزگارمان دەکات.

ئەگەر بمانەوێت باسی کوردستان بکەین، دەبێت بەبێ ترس بچینە قووڵاییەوە، نەک لەسەر ئاستی تیئۆری، بەڵکوو لەو شوێنانەی کە کچان هێشتا لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا و کەمتریش، بەبێ مافی هەڵبژاردن هاوسەرگیری دەکەن، کە ژن هەڵگری ئابڕوو و شەرەفی بنەماڵە و خێڵەکەیەتی، کە ژن بە کەم عەقڵ (ناق× العقل) ناوی لێ ئەبەن و تەنانەت لە ڕیزەکانی ئەو لایەنەنای کە ئاڵای ئازادی و یەکسانییان هەڵگرتووە، ژنان پشکێکی یەکسانیان لە سیاسەتدا نییە و زۆرجار نابینرێن.

نامەوێت وەکوو چەندپاتەکراو بچمە ناو جۆرەکانی توندوتیژی و کاریگەرییەکانی، دەمەوێت هەنگاوێک ئەولاتر بڕۆم و تێگەیشتنێکمان هەبێ لە خۆمان و کوردستان و کولتوورەکەی و جۆرەکان و هۆکارەکانی توندوتیژی لەم جوغرافیایەدا.

لەم بابەتەدا دەمەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە

ئایا توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستان بوونی هەیە؟

باوترین جۆرەکانی توندوتیژی چین؟

تا چ ڕادەیەک کولتوری کوردی کاریگەری نەرێنی لەسەر بەردەوامی ئەم توندوتیژییە هەیە؟

حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکەی سەدەیەک بوونیان هەیە و خۆیان بە خاوەنی بیرۆکەی یەکسانی و مافی ژنان دەزانن. تا چ ڕادەیەک توانیویانە کاریگەریی لەسەر کولتووری کۆمەڵایەتی و دەستەجەمعی گەلی کورد درووست بکەن؟

جگە لە کولتوور و نەریتی دژەژن لە کوردستاندا و کاریگەریی کەمی حیزبەکان لەم بوارەدا، ئایا توندوتیژی دژی ژنان لەناو حیزبەکاندا بوونی هەیە؟ ئەگەر هەیە هۆکار چییە و تا چەند هەوڵی کەمکردنەوەی دراوە؟

کولتووری کوردی بە هەموو جوانی و دەوڵەمەندییەکانییەوە هەڵگری کۆمەڵێک نەریتی دژەژن و بەرتەسککەرەوەیە. دڵنیام چەمکی «ژن بە ژن»تان زۆر بیستووە هەرچەند ئەمە هەڵئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێکی دوور و تایبەتیشە بە هەندێ شار و ناوچەی کوردستان، بەڵام ئەوەیکە گرنگە ئەمەیە کە ژن بە ژن سەردەمانێک لە کوردستان هەبووە.

یان بەرخوێن، «واتا کاتێک کەسێک پیاوێک دەکوژێ لە جیاتی پوول کچێک بە زۆر ئەدەنە ماڵی کوژراوەکە»، نەریتی قیزەونی خەتەنەکردنی ژنان بۆ کەمکردنەوەی هەستی جێنسییان، پشکنینی پەردەی کچێنی کە سەردەمانێک بیانوویەک بوو بۆ بۆ کوشتنی ژنان، هاوسەرگیریی زۆرەملێ و منداڵ_هاوسەری، ڕێگریی و سنووردارکردنی کچان لە خوێندن، سەرەوهەوێ و دەیان توندوتیژیی دیکە کە لە کولتووری کوردیدا بووە و بەم جۆرەیە ژنانیان پێ چەوساندووەتەوە و کردوویانە بە ژێردەستە.

یەکێک لە عەیب و ئیرادەکانی ڕەسم و نەریتە کۆنەکانی کوردەواری لە کاتی منداڵبووندا دەرئەکەوێت، ئەو کاتەی دایکێک منداڵی دەبوو ئەگەر منداڵەکە کوڕ بواتای ئەوە چرای ماڵەکەیان هەڵئەکرد و واتای ئەوە بوو کە وەجاخی ئەو باوک و دایکە ڕۆشنە و نەسڵیان درێژەی هەیە و تەقەی خۆشیشیان ئەکرد بەڵام ئەگەر منداڵەکە کچ بواتای ئەوە ئیدی وەجاخ کوێر بوون و ئەمە لە خۆیدا هەم هەستی گوناح،ناکارامەیی و شەرمی ئەدا بە دایکەکە و هەمیش ئاستی منداڵە کچەکەی لە مرۆڤێکەوە دائەبەزاند بۆ بوونەوەرێکی بێ بەها .ئەم باوەڕە وردە وردە دیاردەی کوڕپەرەستی پەرە پێدا و ژن تەنیا وەک خزمەتکارێک بۆ خزمەتکردن بە پیاو و نێرینەی بنەماڵەکە سەیر دەکرا و ڕێزی ئەو، بە دەرەجەی گوێڕایەڵیەکەی پێوانە دەکرا.

ژنێکی باش و ڕێک و پێک لە نێو کولتووری کوردیدا ژنێک بوو کە دەنگی پێکەنینی کەس نەیبیسبێت، شان بە شانی پیاو لە دەرەوەی ماڵ و لە مەزراکاندا کار بکات و کاری ماڵیشەوە بکات و چێشتلێنەرێکی باش بێت و کوڕزێ بێت و بە تەواوی لە خزمەتی هاوسەرەکەیدا بێت و بەڵی بان چاو بکات، ڕێک ئەو تایبەتمەندیانەی کە کوێلەیەک هەیەتی. ئاوا ژنێک، ژنێکی باشە و پەسەندکراوی کۆمەڵگەکەیە.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئێستایشی لەگەڵ بێ، ژن بە زەعیفە ناوزەد دەکەن و بە کەمعەقڵی دەزانن. ئەمانە و دەیان توندوتیژیی دیکە کە هەر لە منداڵیەوە بەرۆکی بە ژنانی کورد گرتووە و زۆربەیانیش تا ئێستا بەردەوامن لە لایەک و دیاردەی ژنکوژیی و خۆکوژیی ژنان کە توندترین جۆری توندوتیژییە لە لایەکی دیکە زەرووڕەتی نووسینی ئەم جۆرە باباتانەی زۆرتر دەکاتەوە.

دیارە توندوتیژی خێزانی نەک هەر کوردستان بەڵکوو لە ئاستی جیهاندا باوترین جۆری توندوتیژیی دژی ژنانە و لە نێوان ئەویشدا توندوتیژی دەروونی، ڕەوانی و پێکهاتەیی باوترینیانە.

**کوردستان ئەمڕۆ بە شارنشینی و هاتنی جیلی نوێ و ڕۆشنبیر گۆڕا، بەڵام ڕەگ و ڕیشەکە هێشتا لە ژێر زەویدا زیندووە، پڕیشکێك بەسە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو نەریتە. کوردستان یەکێکە لەو ناوچەگەلە کە ئاماری خۆکوژیی ژنان و ژنکوژیی لەم ساڵانەدا جێگەی نیگەرانی بووە و هۆکارەکانیشی زیاتر بۆ ئەو توندوتیژییانە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەی شاراوە و ئاشکرا بەرانبەریان دەکرێت. ئەی دوای دەیان ساڵ کار و خەباتی چڕ و پڕی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێنانی ئەندێشەی بەرابەری و یەکسانی بۆ نێو بەرنامە و سیاسەتیان، بۆچی گۆڕانکارییە کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردستان زۆر خاو بووە.**

لێرەدا واز لە یاسا ئیسلامی و پیاوەزنەکەی کۆماری ئیسلامی دێنم و ڕێک دەچمەوە سەر کولتوور و داب و نەریتەکەمان، هەرچەند لەگەڵ ئەو ڕاستیە هەم کە یاسا دەتوانێت کولتوور بگۆڕیت و کولتووری باش جێ بخات بەڵام هەندێ جار کولتوور زاڵ ئەبێتە سەر یاسادا، بە سەریدا باز دەبات و بۆ مانەوەی خۆی، لەگەڵ یاسا و پێشکەوتن و تەنانەت شۆڕشیش بە شەڕ دێت. ئەوە نییە شۆڕشی ژینا بەو گەورەیی و کەم وێنەیی خۆیەوە بەو درووشمە یەکسانیخوازانەیەوە نەیتوانی گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ لە کولتووری پیاوسالارانەی زاڵ بە سەر کوردستاندا درووست بکات. کە وابوو لە کوردستان نە تەنیا یاسا بەڵکوو پێکهاتە ، داب ونەریت، کولتوور و پەروەردەی سەقەت و کۆنەپەرستانە لەو کۆمەڵگادا ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە بەردەوام بوونی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان.

کوردستان ئەمڕۆ بە شارنشینی و هاتنی جیلی نوێ و ڕۆشنبیر گۆڕا، بەڵام ڕەگ و ڕیشەکە هێشتا لە ژێر زەویدا زیندووە، پڕیشکێک بەسە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو نەریتە. کوردستان یەکێکە لەو ناوچەگەلە کە ئاماری خۆکۆژیی ژنان و ژنکوژیی لەم ساڵانەدا جێگەی نیگەرانی بووە و هۆکارەکانیشی زیاتر بۆ ئەو توندوتیژییانە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەی شاراوە و ئاشکرا بەرانبەریان دەکرێت. ئەی دوای دەیان ساڵ کار و خەباتی چڕ و پڕی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێنانی ئەندێشەی بەرابەری و یەکسانی بۆ نێو بەرنامە و سیاسەتیان، بۆچی گۆڕانکارییە کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردستان زۆر خاو بووە.

بە بڕوای من حیزبە کوردییەکان کە هەندێکیان مێژووی نزیکەی یەک سەدەیان هەیە نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی بەرین و بەرچاویان لە باشترکردنی دۆخی ژنان لە کوردستاندا هەبێت. سەبارەت بە توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لە نێو حیزبەکانیشدا ناتوانین بڵێین هیچ توندوتیژییەک نەبووە، ئەمە ئیدعایەکی پووچ و دوور لە ڕاستیە. ناکرێ حیزبێک لە کۆمەڵگایەک تەغزیە بکات کە هێشتا عەقڵیەتی پیاوسالاری تێدا زاڵە و هێزی مرۆیی لە کۆمەڵگایەک وەربگرێت کە هێشتا چاکسازیی تێیدا نەکراوە، هێشتا پرسی ژن تێیدا نە تەنها چارەسەر نەکراوە بەڵکوو دوای پرسی نەتەوەیی کەوتووە، ناکرێ ئیدعای ئەوە بکات کە لە نێو تەشکیلاتەکەیدا مافی ژنان بە تەواوەتی بەدیهاتووە ناتوانێ بڵێت بەرانبەر بە ژنان توندوتیژی ناکرێت کە واتە بەڵێ وەکوو ژنێک دەڵێم لە هەموو حیزبەکاندا توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان بوونی هەیە و بە ئاساییشی دەزانم بەڵام پرسیارەکە لێرەدا دێتە پێش، حیزب و ڕێبەرییەکی چەندە توانیویانە بەرنگاری ئەم توندوتیژیانە ببنەوە؟ ئایا یاسا دەروون حیزبییەکان کە زۆریش مرۆڤانە و دادپەروەرانەیە، وەکوو خۆیان جێبەجێ دەکرێن؟

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا، عەقڵیەتی پیاوسالاری هێشتاکە هەر زاڵە، هەم بە سەر تاکەکانی کۆمەڵگادا و هەمیش تا ڕادەیەک بە سەر ئەندامەکانی حیزبەکاندا. عەقڵیەت، ئەویش عەقڵیەتێک کە بەرژەوەندییە کەسییەکانتی تێدا بێت زۆر دێر و سەخت دەتوانی وەلای نێی. عەقڵیەت، جل و بەرگ نیە بە ئاسانی بیگۆڕی، عەقڵیەت گۆڕین ئازاری هەیە پێویستی بە بوێری،ئازایەتی،لەخۆبوردوویی و خباتی بەکۆمەڵ هەیە . هەر ئەو عەقڵیەتە پیاومەزنە درەی کردە نێو ساختاری حیزبەکان و بووە هۆی ئەوەیکە زۆرێک لە ژنانی شۆڕشگێڕ و خەباتکار لە نێو حیزبەکاندا تواناکانیان لە بەرچاو نەگیرێت،پەروەردە نەبن،ون بن و نەبینرێن.

لێتان ئەپرسم لە نێو حیزبەکاندا چەند ژن لە لوتکەی بڕیاردان بوون؟چەند ژن لە مێژووی خەبات سڕاونەتەوە لەبەر ئەوەی ناو و ئازایەتیەکانیان تۆمار نەکراوە؟چەند ژنی خاوەن قسە و بۆچوون و سیاسەتوان لە نێو کوورەی پیاوسالاریدا توانەتەوە و نوقم بوون؟ چەند ژن بێزار و ماندوو بوون لە بەشەڕهاتن لەگەڵ بیری پیاوسالاری لە نێو حیزبەکاندا و وازیان لە خەبات و شۆڕش هێنا؟ کاتێک حیزبێک ناتوانێت چاکسازی جێندەری لە پێکهاتەی ناوخۆیی خۆیدا جێبەجێ بکات، چۆن دەتوانێت کۆمەڵگا بگۆڕێت؟ دروشمەکان، بەرنامە و پڕۆگرامەکان، باس لە دادپەروەری دەکرد، بەڵام دەسەڵاتی نێرینە هەر ماوە و پێویستە کاری زیاتری بۆ بکرێ. لە کۆتاییدا ئەبێت باس لە چارەسەرەکان بکەین، ناکرێ تەنها ڕەخنەگر بین، ئەبێت باسێکیش لە چ کردن بکەین.

بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەبێت بە گشتی و بەکۆمەڵ قۆڵی هیمەتی لێ هەڵماڵین و بیر و هزری یەکسانیی و بەرابەری لە نێو زەینی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستاندا بچێنین و نیاگامان بە ژن بکەین بە نیگایەکی ئینسانی، با لە ئاست درووشمەکانماندا بژین و با پراگماتیک بین. ئەگەر ڕۆژێک هات کە کچێک لە کوردستان بتوانێت بە ئازادی پیاسە بکات، بە ئازادی بڕیار بدات، بە ئازادی عاشق بێت، بە ئازادی بژی ئیدی ئەو ڕۆژە توندوتیژی کۆتایی دێت.

بەڵام تا کوڕ بوون ئیمتیاز بێت و کچ بوون کۆت و بەند ، تا ژنێک ببینرێت بەڵام نەبیسترێت، تا کاتێک حیزبێک خۆی بە پێشەنگ بزانێت بەڵام ژن لە ترۆپکیدا نەبێت، دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ئێمە هێشتا لەسەر ڕێگای ڕزگاری نەوەستاوین.

بە هیوای ژیانێکی ئازاد،سەربەست و ئینسانیی بۆ هەموو ژنانی جیهان.

# وتووێژی دواڕۆژ لەگەڵ هاوڕێ مەلەکە موستەفاسوڵتانی،

## پێشمەرگەی پێشووی کۆمەڵە و چالاکی سیاسی چەپ

پرسیاری یەکەم:
پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا پێش روخانی شا و دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی چۆن بوو؟

بە کورتی ئەو سەردمە یانی ٤٦ ساڵ پێش ئیستا، دۆخی کومەڵگای کوردەواری لە چاو ئیستا زۆر جیاواز بوو. زۆرینەی نەتەوەی کورد بێبەش و هەژار بوون. زۆربەی خەڵکی کوردستان گوندنشین بوون و خوێندەواریان فرە کەم بوو. دیارە لەو هەلومەرجەدا زۆرترین بێبەشبوون و زەختی لە سەر ژنان بوو.

بەهۆی ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەی کە ساڵانی چل و پەنجاکان هەتاوی لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕوویاندا، وەک ڕیفورمی شۆڕشی سپی حەمە ڕەزا شای پەهلوی و گەشەی ئابووری لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە، هێواش هێواش گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ڕوویاندا. خەڵکێکی زۆر بۆ کار و بژێوی ژیان ڕوویان لە شارەکان کرد.. لە ڕاستیدا لەم سەردەمەدایە کە گەڕەکە هەژار نشینەکانی پەراوێز شارەکان وەک زۆرئاوا، مەجبووئاواکان و هەتد سەرهەڵدەدەن. بەڵام لە کوردستاندا هیچ جۆرە ناوەندی پیشەسازی نەبوو و ئەو خەڵکە سەرەتاییترین و دژوارترین کارەکانیان دەکرد. بە هۆی گەشەی ئابووری لە ناوچەکانی دیکەی ئێران کار زۆر بوو و زۆرێک لە خەڵکی کوردستان دەچوونە شارە کانی دیکە بۆ کارکردن، هەرچەند لەوێش دژوارترین کار بە بێ ئامراز و کەرستەێ ئاسانکاری و پاک و خاوێنیان پێ ئەدرا. ئەم گۆڕانکاری و پێشهاتانە کاریگەرییان لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و ئاساییە لە سەر ژیانی ژنانیش کاردانەوەی بوو. کاتێک پیاوان لەو شارانە کاری ئەکرد ئەرکی ژنان زۆر زیاتر و قورستر دەبوو بەڕێوەبردنی ماڵ، منداڵ و چاودێریکردنی بەساڵاچووانی ناو خێزان لە ئەستۆی ئەوان بوو..

لەو سەردەمەدا زۆرینەی ژنان نەخوێندەوار بوون و بارگرانی ستەمی چینایەتی و نەتەوەیی و ڕەگەزییان لەسەر بوو. لە گوندەکاندا ژنان بەرپرسیاریەتی قورسیان لە کشتوکاڵ و باخداری و ئاژەڵداریدا لە ئەستۆ بوو. بەڵام زۆر کەمیان ڕێگەیان پێدرا بچنە قوتابخانە. لە شارەکاندا کچان و ژنان دەچوونە قوتابخانە، ئەمما هێشتا ئەم دیاردەیە بەربڵاو نەبووە و ژمارەی

ژنانی نەخوێندەوار یان کەم خوێندەوار کەم نەبوون.

کاتێک بزووتنەوەی دادپەروەری و پێشکەوتنخوازانەی نەتەوەی کورد لە دژی ڕژێمی شا دەستی پێکرد، لە شارەکانی کوردستان ژنان لە هەموو شێوەکانی ئەو بزووتنەوە و خەباتەدا زۆر هەڵسووڕاو و چالاک بوون. دۆخی کوردستان و بێبەش بوونی ئەم میللەتە لە مافە ڕوا و بەرحقەکانی خۆیان، کاریگەری لەسەر

هۆشیاری و تێگەیشتنی ژنان لەو بزووتنەوەدا بوو. دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هەم هۆشیاری و ئاگاهی خۆدی ژنان و هەم بارودۆخی کۆمەڵگای کوردواری زۆر لە بار بوون بۆ چالاکی و هەڵسووڕانی ژنان. ژنانی کوردستان ڕێکخراوەی خۆیانیان پێک هێنا، ژنان بوون بە ئەندامی شۆرا و بنکەکان، ژنان لە مانگرتنەکان و ڕێپێوانەکانەدا ڕچەشکین و زۆر چالاک بوون. ژنان سەلماندیان کە داهێنرن، تێکۆشەرن، ئازا و بوێرن.

پرسیاری دووهەم:
بەشداری ژنان لەخەباتی سیاسی و پێشمەرگانەدا چۆن بوو؟ هۆکارەکانی بەشداری ژنان لە خەباتی پێشمەرگانە. ئاستەنگەکان وگرفتەکانی

ئەو سەردەم چی بوون؟

لە ساڵی ١٣٥٧ هەتاویدا کە لە ئێران شۆڕش کرا و ڕژیمی شا ڕۆخا، نەتەوەی کورد لەو شۆڕشەدا بەشداری گەرم و گوڕی کرد. هەوڵی زۆری دا بۆ نەمانی زوڵم و ستەم، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتنخواز و دیموکرات کە هەمووان ئازاد و بەختەوەر بن و ژیانی مرۆڤ بەنرخ بێت. بە دەیان کەس لەم پێناوەدا گیانیانبەختکرد و بریندار و پەککەوتە بوون. نەتەوەی کورد ئەیویست لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بێت و چەوساندنەوە و بێبەشکردنی ڕابردوو نەمێنێت، هەروەها بە پێویستە ئەزانی کە نەتەوەی کوردیش سوود لە هەموو ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی وڵات وەربگرێت. بەڵام کۆماری ئیسلام لە ڕۆژەکانی هەوەڵی هاتنە سەرکاریەوە نیشانی دا کە ڕژیمێکی دواکەوتوو و کۆنەپەرستە و هیچ بایخێک بۆ نەتەوەی کورد و خواست و ویستەکانیاندا نانێت. بە تۆپ و گولله وەڵامی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان دەداتەوە.. ئەم هەڵوێست و سیاستەی کۆماری ئیسلامی بووە هۆی برنگاری بەربڵاوی نەتەوەی کورد لە بەرانبەر سیاسەتە شۆڤێنی و دواکەوتووی ئەواندا.

ژنان بەشێک بوون لەو کۆمەڵگایە. بێجگە لە چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوەیی، چەوساندنەوەی سێکسی و جێندەری بارێکیتر بوو کە لە سەر شانیان. لە مانگی ڕیبەندانی ١٣٥٧ هەتاوی تا مانگی گەلاوێژی ١٣٥٨ هەتاوی کە کوردستان ئازاد بوو گەلی کورد بە گشتی و ژنان و گەنجان بە تایبەتی سوودێکی زۆریان لە ئازادی و دیموکراسی لە کوردستان وەرگرت. لەو چەند مانگەدا کە مرۆڤەکان بە ئازادی و یەکسان دەژیان، گەورەترین قوتابخانەی پەروەردە و فێربوون بوو بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵگەی کورستان، بەتایبەتی بۆ ژنان. ژنان زۆر هۆشیار و بوێرانە هەنگاویان نا و بوونە نمونە بۆ نەوەی داهاتوو.

کاتێک کە خومەینی فەرمانی جیهادی دژی نەتەوەی کورد دەرکرد خەڵکی کورد دژی ئەو فەرمان ڕاوستا و برنگاری بووەوە. ژنان بە شێوەی جۆراوجۆر بەشێک بوون لەو بەرەنگاری و کۆڵنەدان. بە دڵنیاییەوە ژنان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و کاریگەریان هەبوو لە بزووتنەوەی گەلی کورد بۆ دادپەروەری و مافی چوساوەکان. زۆرێک لە شانازیەکان و سەرکەوتنەکانی ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی و هەوڵی ماندوو نەناسانەی ژنان لە بوارە جیاجیاکاندا، چ ئەو ژنانە کە لە سیاەچاڵەکانی ڕژیمدا خۆڕاگری و فیداکاریان کرد، چ ئەو ژنانە لە شار و گوندەکانی کوردستان بە گەیاندنی هەواڵ و شاردنەوەی پێشمەرگەکان و دابینکردنی خۆراک و پێداویستییەکانی ئەوان لە هیچ فیداکاریک کۆتایی و قسووریان نکرد، ژنانی پێشمەرگەی کومەڵە هێمای هۆشیاری و تێگەیشتنی قووڵی ژنان لە ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگا و کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و عەلمانی نیشان دا.

لە چەند دەیە لەمەوبەرەوە کە ژنانی کومەڵە، هەم بە هەوڵی خۆیان و هەم بەوەی کە پرسی ژنان یەکێک لە بابەتانە سەرکیەکانی کۆمەڵە بوو، بوون بە پێشمەرگە نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش داهێنانێکی نوێ بوو.



هاوڕێی مەلەکە مستەفا سوڵتانی

**سەربەخۆیی ئابووری هێز بە ژنان دەدات کە بڵێن «نەخێر» – نەخێر بۆ پشتبەستنی زۆرەملێ، نەخێر بۆ سووکایەتی، نەخێر بۆ بێدەنگی. ئەوان دەتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و خۆیان خەریتەی ژیانی خۆیان دارێژنەوە. رزگاریی ڕاستەقینە تەنها ڕۆحی یان فیکری نییە؛ بەڵکوو ماددیشە. کۆمەڵگایەك کە نیوەی دانیشتووانەکەی لە دەسەلاتی ئابووری بێبەش دەکات، ناتوانێت بانگەشەی ئازادی بکات.**

...بۆ ل٩

# دیمانەیەک لەگەڵ هاوڕێ پڕشنگ محەمەدی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

**بەشی یەکەم؛**

**پرسیاری یەکەم**

پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا پێش ڕوخانی شا و دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی

**پڕشنگ محەمەدی:**

بەشداریی ژنانی کوردستان لە خەبات بۆ ڕزگاری و یەکسانیدا مێژوویەکی دووروردرێژی هەیە. بوونی ژنانێک وەکوو مەستوورەی ئەردەڵان کە یەکەم مێژوونووسی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو یەکەم هەنگاوەکانی هاتنەمەیدانی ژنان بوون. ژنان سەرەڕای کۆسپ و ڕێگرییەکانی سەر ڕێگەیانساڵیانێک بە شاراوەیی و بە جل و بەرگی پیاوانەوە لە شەڕەکاندا بەشداریان ئەکرد و بەو هەموو ڕێگر و لەمپەرەشەوە جاری وا بووە گەیشتوونەتە ئاستی ڕابەری، وەکوو قەدەمخەیر شیرە ژنی کورد کە پێنج ساڵ بوێرانە دژی زوڵم و زۆر و بێعەدالەتیی حکوومەتی ڕەزا خان خەباتی کرد و ڕابەرایەتیی شۆڕشی پشتکۆی کرد.

مێژووی خەباتی ژنانی کوردستان پڕە لە ژنانێکی وەکوو حەفسە خان، مینا خان و ژمارەیەکی زۆر ژنی خەباتکاری دیکە کە هەوڵیان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن دژی ژنان دەدا و خوێندن و پەروەردەکرانی کچانیان بە بەشێکی گرینگی ئەو خەباتە دەزانی.

ژنان لە کوردستان بە هۆی چەوساندنەوەی پیاوسالارانە و نەبوونی خوێندەواری و هەروەها بە زۆر بە شوو دان و ژن بە ژن کردن، ئازار و دەردی زۆریان چێشتبوو، هەر بۆیە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان، بۆ یەکسانیی ژن و پیاو، بۆ پەرەپێدانی بیری ئازادیخوازانە خەباتیان ئەکرد و ئەم خەباتە لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە و ئێستا بیری یەکسانیخوازانە و خواستی ژنان گەیشتووەتە ئاستێک کە پرسی ژن وەکوو پرسێکی گرنگ لە کۆمەڵگای کوردستان دا لە ئارادایە.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژیمی شا و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران، ڕەوتی خەبات بە گشتی و بە تایبەتی لە نێو ژناندا شێوازێکی دیکەی گرتەخۆ. چونکە ئەمجار ررژیمێک هاتە سەر کار کە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤیشی پێشێل دەکرد و ژنان زیاترین پشکیان لەو ستەمە بەرکەوت. ژنانی کوردیش کە لە ئاستێکی بەریندا لە بزاڤی ڕزگاریخوازانەدا بەشداریان کردبوو، ئەمجار زیاتر لە جاران مافە ئینسانییەکانیان لە لایەن ڕژیمێکی دژە ژنەوە زەوت دەکرا و دەبوو خەباتی خۆیان چڕتر بکەنەوە و خۆیان بۆ بەرەنگاریی زیاتر تەیار بکەن.

لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕژیمەوە ژنانی کوردستان لە یەکەمین قوربانیانی زیندان، ئێعدام، ئەشکەنجە و دەستدرێژی بوون و لە سەنگەرەکانی خۆڕاگریی گەلی کورد لە زیندانەکان و لە خەباتی چەکدارانە چەندین حەماسەیان خولقاند و قارەمانانە فیداکارییان کردووە. بەشداری ژنانی کورد لە بزوتنەوەی سەراسەری ژنانی ئێران بەرچاوتر بووە و لە خەبات دژی دیکتاتۆری ئەم ڕژێمە لە ڕیزی پێشەوە بوون.

ژنان لە هەموو خۆپیشاندانەکانی دژ بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها لە شەڕی ٢٤ ڕۆژەی شاری سنە، زۆر ئازایانە بەشداریان کردو لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردیان بە کارو ئازایەتی و لێهاتووییان نەخشاند.

بەم شێوەیە دەورێکی نوێی بزووتنەوەی ژنانی کورد دەستی پێکرد و لە مێژووی کوردستاندا ئەم تابۆ شکێنییە بە ناوی کۆمەڵە و ژنانی کۆمەڵەوە تۆمار کرا. کۆمەڵە وەکوو ڕەوتێکی چەپ لەو سەردەمەدا یەکێک لەو ڕێکخراوە سەرەکییانەی ناو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە لە بڕیارێکی شۆڕشگێڕانەدا ڕۆڵی خۆی گێڕا و بوو بە ئاڵا هەڵگری خەباتی ژنان و هاوکات لە گەڵ ڕاگەیاندنی هەڵسووڕانی ئاشکرای خۆی بڕیاری ڕێکخستنی ژنانی لە ناو ڕیزەکانی خۆی دا و ئەم بڕیارە ئازایانەیەش لە ڕووی لێکدانەوەیەکی سیاسی و واقیعیەوە بوو کە پوتانسیلی بزووتنەوەکەی باشتر دەردەخست و کاریگەری لە سەر خەباتی ژنانی کوردستان و بە گشتی لە ئیران دانا. گیانبەختکردنی سەدان ژنی تێکۆشەر کە لە ڕیزی ڕێکخراوی ئاشکرا و نهێنیی کۆمەڵەدا گیانیان فیدا کرد یان تێکۆشەرانێک کە لە ژێر کاریگەریی بیری چەپ و یەکسانیخوازنەدا لە ڕێگای ڕزگاری ویەکسانیدا گیانی خۆیان فیدا کرد، سەلمێنەری ئامادەبوونی ژنان بۆ هاتنە مەیدان و مانەوە لەو مەیدانە پڕمەترسیدا بوو.

**. پرسیاری دووهەم**

بەشداری ژنان لەخەباتی سیاسی و پێشمەرگانە، هۆکارەکانی بەشداری ژنان لە خەباتی پێشمەرگانە.. ئاستەنگەکان وگرفتەکانی ئەو سەردەم..

**پڕشنگ محەمەدی:**

بەشداریی ژنانی کورد لە بەرگریی پێشمەرگانەدا



هاوڕێی پڕشنگ محەمەدی

توانی خرۆشی تایبەت بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان ببەخشێت. پەلاماری چەکدارانەی حکوومەتی ئیسلامی هەرگیز نەیتوانی پاشەکشە بە ژنانی خەباتکاری ناو شۆڕشی کوردستان بکا بە پێچەوانەوە، ژنانی کورد ئەمجارە بە ئیرادەی خۆیان و وشیارانە تاویان دایە چەکی پارێزگاری لە کەرامەتی مرۆڤایەتی و کۆمەڵ کۆمەڵ خۆیان لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا ڕێکخست و نە وەکوو پشت جەبهە و پشتیوان بەڵکوو لە ڕیزی پێشەوەدا بەشدارییان لە بەرگریی شۆڕشگێڕانەی کوردستداندا کرد.

سەرەڕای ئامادەنەبوونی بەشی زۆری کۆمەڵگای کوردستان بۆ بەشدارری ژنان لە شۆڕشی چەکداری دا لەو قۆناغەدا بە پاڵپشتیی بڕیاری کۆمەڵە بۆ یەکەم جار ژنانی کورد بوونە پێشمەرگە و پێشەنگی و بوێریی خۆیان لەو مەیدانەشدا سەلماند و بەڵگەیەکی دیکەی ویست و توانی یەکسانیخوازانەی ژنان بوو. ئەمەش تایبەتمەندییەکی نوێ بوو کە تەنیا نموونەیان دەتوانین لە بەرەنگاریی گەلی ویتنام و بەربەرەکانێی ژنانی جیهان لە بەرانبەر نازیسم و فاشیزمدا لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی دا بدۆزینەوە.

لە قۆناغی بەرگری چەکداری‌دا ژنانی کورد سەلماندیان کە دەتوانن پێشمەرگە بن و ژن بوون ناتوانێ بەربەستی هەڵسووڕان و تێکۆشانیان بێت و ناکرێت ڕێگە بە نەریتی کۆن و یاسا دواکەوتووەکانی کۆمەڵگا بدەن بەر بە خەبات و داهێنانیان بگرێت. ژنانی کۆمەڵە بوون بە سەمبولی خۆڕاگری و هاندەری ژنان بوون بۆخەبات کردن لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و مافی یەکسانیی ژن و پیاو. پێشمەرگە بوونی ژنی کورد بە تەنیا دروشمێک نەبوو. بەڵکوو زۆر دیاردەی تری بە شوێن خۆیدا هێنا کە ئەنجامەکەی جیاواز لە ترادسیۆن بەزێنی، بەکارهێنانی بەشێکی بەرچاوی پوتانسیەلی کورد بوو کە تا بەر لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی وەگەڕ نەخرابوو.

دەوری کاریگەری ژنانی کورد لەو قۆناغە هەستیارەدا لە بەراورد لەگەڵ هەموو بزووتنەوەی کورد دەوریکی جیاواز بوو، چونکە بەربەرەکانێ لە بەرانبەر زۆرداریی کۆماری ئیسلامی، کە بە پێشکەوتووترین تەداروکاتی لۆجستیکی بەرەو شەڕی کوردستان هاتبوو و بواری جوغرافیایی ناوچەکە و خو ڕێکخستنی ژنی کورد لە تەک شاخ و سەنگەر هەرچی پتر بوونی ژنی کوردی وەک مرۆڤیکی بە هیز و شورڕشگێڕ سەلماند و شوناس و کەسایەتیی گرینگی پێیان و بە بزووتنەوە کەیان بەخشی و بە وریایی و هوشیارییان یارمەتی پڕبایەخیان بە خۆڕاگری کوردستان کرد.

درێژەی لاپەڕەی ٨

هەموو ئەو ژنانە ڕێگایەکی سەختیان گرتەبەر و کۆڵنەدان و خۆڕاگرییان نیشان دا بۆ زاڵبوون بەسەر بەربەستەکان سەر ڕێگایان و بیرکردنەوە دواکەوتوو و پیاوسالارییەکانی کۆمەڵگا

و هەندێک لە هاوڕێیانی خۆمان. چالاکی و تێکۆشانی ژنان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا کاریگەریی ئەرێنی و سوودبەخشی لەسەر خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵات بووە و هەروەها خەباتی ژنان لەم گۆڕەپانەدا کاریگەری گەورەی لەسەر بیرو تێڕوانینی دژە ژن بوو و جێگای ژنی لە کۆمەڵگادا گۆڕی.

ئاستەنگەکان وگرفتەکانی ئەو سەردەم یەک و دوان نەبوون. لە کومەڵەدا ژنان زۆر هەڵسووڕاو و چالاک بوون بەڵام هەرگیز جێگە و پێگەی واقیعی خۆیان پەیدا نکرد.

بەو هۆیەوە بیری پیاوسالاری بڕیار دەربوو و بیری پیاوسالاری زاڵ بوو بەسەر زۆرینەی لایەنەکانی ڕێکخراوەکەدا. ژنان لە هەموو بەشەکانی تشکیلاتدا کاریان ئەکرد و چالاک بوون ئەمما بەرپرسیار و بڕیاردەر نەبوون. بەشداری ژنان لە کۆنگرە و سیمینارەکاندا سنووردار و کەم بوو. هەندێک کەس باوڕیان بە بەرابەری ژن و پیاو نەبوو. خەباتی چەکداری خۆی لە خۆیدا شێوەیەکی زۆر سەخت و تاقەت پڕوکێنە، ژنانی پێشمەرگە چەند قات زیاتر ئەو سەختیان ئەکێشا جارێک وەک پێشمەرگە، جارێک وەک ژن و زۆر جاریش وەک دایک.

**پرسیاری سێهەم:**

خاڵە لە یەک چووەکانی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە خەباتی کۆمەڵەوە لە کوردستان چیە؟

بە بڕوای من خەبات و چالاکی کۆمەڵە لە هەموو بوارەکاندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگای کوردستان بوو. ڕێبازی کومەڵە و سیاسەتە دروست و پێشکەوتنخوازەکانی بەرامبەر بە هەموو کێشەکانی ناو کومەڵگا، وەک پرسی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی، پرسی ژن، کرێکار و منداڵ و کێشە بچووک و گەورەکان جێ کەوتووە. ئەو ڕێبازە ڕێنمایە بۆ گەنجی ئەمڕۆ کە لێی فێربن و بەکاری بێنن. شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە تایبەتمەندییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستانەوە بەردەوامبوونە بۆ بەرابەری ژن و پیاو، بۆ کۆمەڵگایەکی سکولار و مۆدێرن لە هەموو بوارەکاندا. شۆڕشی ژینا لە پێشترە و هەوڵ ئەدات بۆ سەپاندنی دەستکەوتەکانی. شۆڕشی ژن ژیان ئازادی ئەو ڕێبازەیە کە هەزاران مرۆڤی دڵسۆز لە پێناویدا ئازاریان چێشت و فیداکاریان کرد و بەشێکی زۆریش گیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناوی ئەو ئامانجە بەرزە دا.

**پرسیاری چوارەم:**

دۆخی ژنان لە دوای خەباتی چەکداری و دوای شۆڕشی ژینا لە کوردستان چۆنە؟

ئاسۆی خەباتی ژنان لە دواڕۆژدا ؟

بە درێژای مێژوو ژنان هەوڵیان داوە تێکۆشاون بۆ بەرابەری و یەکسانی، بۆ مافە ڕواکانی خۆیان. سەرەڕای سەدان بەربەست و گیر و گرفتگەلێ جۆڕاوجۆر بەردەوام بوون و دەستبەردار نەبوون. لە ساڵەکانی چل و پەنجاکان هەتاوی بەم لاوە هەتا هاتووە ژنان دەور و نەقشی پێشەنگیان بوو و بێ پسانەوە لە گەشە و پێشکەوتندان. ڕاستە بیر و بڕوای پیاوسالاری و دواکەوتووی کولتووری و ئایینی لە کۆمەڵگادا هێشتا بوونیان هەیە و ئاستەنگ دروست دەکەن. هێشتا ژنانێکی زۆر لە دەست ئەم دیاردانە ئازار و ئەزیت ئەچێژن و کەم نین ئەو ژنانە کە بەر زەخت و زۆر، توندوتیژی ئەکەون و تەنانەت گیانیان لە دەست داوە و ئەیدەن. بەڵام وەک لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا نیشان درا ژنان لە دواڕۆژی کومەڵگای کوردستاندا ڕۆڵ و نەقشی سەرکیان هەیە و ئەوان ئاڵا هەڵگری شۆڕشەکەمان ئەبن. شۆڕشی داهاتوو بە ڕەهبری ژنان ئەبێت.

**ژن ژیان ئازادی**

# بەرنامەی سیاسیی کۆمەڵە



**بەشی دووهەم؛**

**کۆمەڵە و خەباتی سوسیالیستی**

کۆمەڵە حیزبێکی چەپ و سوسیالیستە. لە ڕوانگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە سوسیالیزم وەڵامی ئاواتی لەمێژینەی مرۆڤە، بۆ ئەوەی بگاتە کۆمەڵگەیەک کە تێدا چەوسانەوە، مافخوران و نایەکسانی نەمێنێ و ژیانێکی شیاو بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەستەبەربێ. کۆمەڵگایەک کە تێدا ئینسانەکان لە دەرفەت و ئیمکانی عادڵانە بۆ پشکووتنی لێهاتووییەکانیان و پێشکەوتن و چێژوەرگرتن لە ژیان و دەسڕاگەیشتن بە ژینێکی باش بەهرەمەند بن.

سوسیالیزم پرۆژەیەکی حیزبی یان بەرنامەیەک نییە کە دەسەڵات بەسەر خەڵکیدا دەیسەپێنێ بەڵکوو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و مرۆڤیە کە پێویستی بە سازکرانی بەستێنی فەرهەنگی و ئابووری بۆ هێنانە مەیدانی ئەو هێزە هەیە کە دەتوانێت ئەو سیستەمە وەکوو قۆناغێکی نوێی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ژیانی ئینسانەکاندا مسۆگەر بکا. ئەرکی حیزبێکی سوسیالیستی لەو مەیدانەدا ئامادەکردنی بەستێن، هەوڵ بۆ دانی وشیاریی چینایەتی، ڕێکخستنی چینی چەوساوە و کار بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوە و دامەزراوەی سەربەخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نوێنەرایەتی و کارکردنە بۆ بەرژەوەندییەکانی چینی چەوساوە لە هەر جۆرە لە سیستەمێکی سیاسی و ئابووریدا کە لە وڵاتدا دادەمزرێ. پێداگری لەسەر چاکسازیی بنەڕەتیی ئابووری و سیاسی لە قازانجی چینە بندەستەکان سەرەتای ڕێگەی گەیشتن بە دادپەروەری و یەکسانی لە کوردستانە.

لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا دەرکەوت کە بزووتنەوەی کوردستان لە ناوەڕۆکدا خاوەنی وزەیەکی پێشکەوتنخوازانە و چەپە و ڕەگەکانی سوسیالیزمی جەماوەری لە ناو خەباتی خەڵکی کوردستاندا ڕۆچووە. ئەم دوا ئەزموونەی خەباتی کوردستان بە جوانی دەریخست کە ڕوانینی چەپ چەندە لەگەڵ خواست و پێویستیی کوردستان بۆ پێشکەوتن و گەیشتن بە دنیایەکی شیاوی مرۆڤ نزیکە و خواستەکانی بزووتنەوەکە نەک لە دروشم و باسی فەلسەفی و سیاسیی قووڵدا بەڵکوو لە کردەوەدا لەگەڵ ئامانجەکانی ڕەوتی چەپ و سوسیالیستی تەبایە و ڕەوتێکی چەپ کە دۆخی تایبەتی کوردستان بناسێت و سیاسەتەکانی لە سەر بنەمای دۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵگاکە دابڕێژێت دەتوانێت وەڵامی خواستەکانی بزووتنەوەکە بداتەوە.

بێجگە لە ئەو خەسارە گشتییانەی کە کاپیتالیزم وەکوو سیستەمێکی زاڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ هەموو جیهان هەیەتی، هەر ناوچە و شوێنێک بە پێی هەلومەرج و دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی و ئەو دەسەڵاتەی کە تێدا زاڵە خاوەنی تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی. ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ بەشێکە لە جوگرافیای سیاسیی ئێران و هەر بەو پێیە هەم شێوازی ئابووریی زاڵ بەسەر ئێراندا- کە دۆخێکی یەکجار خراپی هەیە - کار دەکاتە سەر کوردستان و هەم ئەوەی کە کوردستان وەکوو ناوچەیەکی داگیرکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە و لەو ئابوورییە لاوازەی ئێران کەمترین پشکی بەرکەوتووە کاریگەریی خراپی لە سەر ژیانی خەڵک داناوە. باری خراپی ژیان و گوزەرانی خەڵک بە گشتی و چینی چەوساوە و هەژاری کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بەرهەمی دەسەڵاتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ خەڵک بووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە درێژایی دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا هاوکات لەگەڵ میلیتاریزەکردن بە چەکدار و هێزە سەرکوتکارەکانی شەڕێکی ئابووری ئاشکراشی لە دژی کوردستان بەڕێوە بردووە. حکوومەتی ئێران ڕێگری سەرەکیی بوونی کار و پیشە و پێشکەوتن و پشکووتنی ئابووریی کوردستانە و بە بەتاڵان بردنی کانگا و دارایيە سروشتییەکانی کوردستان هەژاری بەرینی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. نەبوونی ڕێگاوبانی شیاو و ڕێگەنەدان بە دامەزرانی کارگە و کارخانەی گەورە لە کوردستان دەریدەخا کۆماری ئیسلامی وەکوو وڵاتێکی داگیرکراو هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردستان دەکا و لە داهاتووی خۆی و بەردەوامبوونی دەسەڵاتی لە کوردستان دڵنیا نییە و بۆیە نایەوێ کوردستان ئاوەدان بێ و لەباری ئابوورییەوە کوردستان لە ناوچە هەر ستەملێکراو و بەشخوراوەکانی ژێردەسەڵاتی ئەو حکوومەتەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران دەزانێت گەشەی ئابووری و دۆخی لەباری ژیان و گوزەرانی خەڵک لە کوردستاندا دەبێتە هۆی پەرەسەندی خەبات بۆ ڕزگاری و مافخوازی و دەرفەت بۆ خەڵکی کوردستان زیاتر دەبێت بۆ ئەوەی هەوڵ بۆ ئەستاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان بدەن. لە لایەکیشەوە بەگشتی سەرچاوەکانی داهات لە ژێر ڕکێفی مافیاکانی دەسەڵات و ناوەندە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و دەستوپێوەندییەکانیان لە کوردستاندایە و ئەوە دۆخی ئابووریی کوردستانی نالەبارتر و گوشار بۆ سەر دانیشتوانی کوردستان بە گشتی و چینی هەژاری کۆمەڵگا بە تایبەتی زیاتر کردووە. لە کوردستان بێکاری و لاوازیی گەشەی ئابووری وایکردووە دیاردەی وەکوو کۆڵبەری بووەتە باو کە بە هیچ شێوەیەک شیاوی مرۆڤی سەردەم نییە و ڕۆژانە گیانی خەڵکی تێدا دەکەوێتە مەترسییەوە و کوشتن و برینداربوونی کۆڵبەران و دیاردەی کۆڵبەری لە ئاکامە بەرچاوەکانی ئەم چەوسانەوە و نادادپەروەرییە دیارەن کە کۆماری ئیسلامی و سیستمی سەرمایەداری بۆ کوردستانیان بەدیاری هێناوە.

نادادپەروەری لە دابەشبوونی سامان لە کۆمەڵگادا هۆکاری زۆربەی هەرەزۆری گرفتە کۆمەڵایەتییەکانە و چینی بێبەشی کۆمەڵگا زەرەرمەندی سەرەکیی ئەو نادادپەروەرییەن. لاوازیی گەشەی ئابووری، نەبوونی دەرفەتی کار بە ڕادەی پێویست لە کوردستان، بێبەشبوون لە ئیمکاناتی یەکسان بۆ کارکردن، تەندرووستی، شوێنی باش بۆ ژیان و خۆش بژیوی، بێبەشبوون لە دەرفەت و هەلی یەکسان بۆ خوێندنی باڵا و پێشکەوتن و، مەترسیی تووش بوون بە گرفتی کۆمەڵایەتی و هتد

لە خەسارە سەرەکییەکانی ئەو دابەشبوونە ناعادڵانەیەن. چارەسەری بنەڕەتیی هەموو ئەم ئازار و گرفتانەی کۆمەڵگا و ئینسان تووشیان بووە نەمانی سیستێمی سەرمایەداری کە خولقێنەر و پەرەپێدەر و پارەێزەری ئەم دنیا نادادپەروەرانەیە و، خاوەنداریەتیی گشتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگادایە.

لە دواڕۆژی کوردستاندا خەبات بۆ گەشەی دموکراسی لە خەبات بۆ امانجە سوسیالیستییەکان جیاناکرێتەوە ئەو خەباتە سەرەتای گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ خەڵکە و بەر بە دیکتاتۆری دەگرێت. لەو ڕێگەیەدا خەبات بۆ دەستەبەربوونی ئازادیی حیزبەکان و ڕێزگرتن لە پلۆرالیزم، ئازادیی بیروڕادەربڕین و چاپەمەنییەکان گرنگیی تایبەتیان هەیە و لە زەروورەتەکانی کاری ئێمەن.

خۆ بەستنەوە بە بۆچوونی کلاسیک و تەکرەهەندی لەو بوارەدا یان هەوڵ بۆ کۆپی کردنی شێوازێکی چالاکیی سیاسیی یان دەسەڵاتی سیاسی و مۆدێلێکی ئابووری بە بێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی تایبەتی شوێنی خەباتمان، واتە کوردستان، دەتوانێت مەترسیدار بێ و نەک هەر دەسکەوتی نەبێ بەڵکوو دەتوانێ بێهیوایی دروست بکا و ڕەوا بوونی خەباتی ڕەوتی چەپ و مومکین بوونی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی بباتە ژێر پرسیار. ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی خەباتی چەپ لە مێژوودا هەرکامەیان لە ڕێگەیەکەوە قازانج و دەسکەوتی تایبەتیان بۆ چینی چەوساوە بەتایبەت و کۆمەڵگای بەشەری بە گشتی هەبووە و هاوکات خەسار و لاوازیی خۆیانیان بووە. بە بێ ناسینی ئەو خاڵانە و لێکدانەوەی دروستی کۆمەڵگای کوردستان لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ناتوانین سیاسەتێکی دروست بۆ گەیاندنی کۆمەڵگا بە دادپەروەری و یەکسانی دابڕێژین.

خەباتی سوسیالیستیی ئێمە لە دنیای ئەمڕۆدا پێویستە بە دەرس وەرگرتن لە سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی سەدەی ڕابردووی مرۆڤ بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری، بتوانێ وەڵامێکی بۆ چارەسەری خاڵە لاوازەکانی ئەو هەوڵانە هەبێ و بیر لەوە بکاتەوە بۆ چی ئەو هەوڵانە سەرەڕای تێکۆشانی لەخۆبوردووانە و گیانفیدایی و خەباتێکی شکۆدار و زۆرجار جەماوەری نەیتوانی بگەنە ئامانجی کۆتایی. نەبوونی لێکدانەوەیەک بە مێتۆدی ئینتێرسکشناڵ کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بناسێ و گرنگی پێبدات و لەو ڕێگەوە داگیرکراوبوونی کوردستان و پەیوەندیی قووڵی دەسەڵاتی داگیرکەری زاڵ بەسەر کوردستاندا لەگەڵ چەوسانەوەی چینایەتی و هەڵاواردنەکانی دیکە بخوێنێتەوە خاڵێکی لاوازی چەپ لە کوردستان بووە. ئەم مەسئەلەیە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەڕادەی پێویست گرنگی بە خاوەنداریەتی و ڕێبەرایەتیی خەبات بۆ گەیشتن بە ماف و سەروەریی نەتەوەیی کورد نەدراوە و وەڵامی مەسئەلەی نەتەوەیی زیاتر لە چوارچێوەی نەبوونی باوەڕ بە سنوور، نەتەوە و نیشتماندا فورموڵە کراوە.

...بۆ ل١١

# ئەیجێنسی بەرامبەر ئۆبژێکتیفیکەیشن: ژن: نە کۆیلەی نەریت، نە کاڵای مۆدێرن



بێگەرد ساڵح

لە گفتوگۆی فێمینیستیی هاوچەرخدا، یەکێک لە گرنگترین تەوەرەکان پەیوەندیی نێوان ئەیجێنسی (Agency – توانای بڕیاردان) و ئۆبژێکتیفیکەیشن (Objectification – بابەتیکردن)ە.

لەم سەردەمەدا، لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی کە بۆ ئاگاداری ژنان لە مافەکانیان و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان دەدرێن، بینەری دیاردەیەکی دژوارین: بڕیار و ڕەفتارگەلێک بە نەرمی و ئەسپایی بە ناوی «مافی ژنان» و «ئازادی»، خۆیان لە ناو ژنان جێگیر کردووەتەوە، کە لە ڕاستیدا ژنان بەرەو کۆیلایەتیی سێکسی و ئامێریی دونیای سەرمایەداری دەبەن. مەگەر دەکرێ لە لایەکەوە درووشم بدرێ کە نابێ ژن ببێتە ئامرازی پیاوان و گیرۆدەی ڕواڵەت سازی بێت و لە لایەکی دیکەوە بۆ خۆی بە هەمان بازاڕی جوانکاریی ملی دابێ؟

ئایا کردەوەیەک وەک پیشاندانی جەستە، بەکارهێنانی جوانکاریی زۆر و هەندێجار ناپێویست، دەکرێت بە «هەڵبژاردەیەکی ئازاد» لێکبدرێتەوە؟ یان ئەم هەڵبژاردنە لە بنەڕەتدا وەبەرهێنانەوەی هەمان دەسەڵاتی پیاوسالار بە شێوەیەکی نائاگایانە؟

لیرەدا دوو دەنگی ناکۆک دێتە ئارا:

دەنگی یەکەم:

«ئەمە هەڵبژاردەی منە! من ئازادم، کەس مافی ڕەخنەی نییە!»

وەڵامی پاڵپشتیی کاران:

«بەڵێ، ئەوە مافی خۆیەتی، دەستدرێژی مەکەن بەسەر ژیانیدا!»

دەنگی دووەم:

«ئەوە ئازادی نییە، ئەوە فریودراوی کۆمەڵگە و جیهانی سەرمایەدارییە کە مێشکیان شۆردووەتەوە!»

ڕەنگە هەردوو لایەن هەم حەقیان بێت، هەم جێگەی ڕەخنە بن.

ئەیجێنسی Agency چەمکێکی فێمێنیستییە بەو واتا کە کەسەکە بۆ خۆی بڕیاردەرە چۆن لەگەڵ جەستەی خۆی ڕەفتار بکات، لە بەرانبەردا ئۆبژێکتیفیکەیشن Objectification واتە ژن بە جێی ئەوەی «بکەر» بێ دەبێتە «بابەت» بەو واتای کە دەبێتە «شت»ێک کە ڕوانگە و حوکمدانی پیاوان پێناسەی دەکات. لەم چەمکەدا دەگوترێ بڕیاری ژن لە بۆشاییدا نادرێت، بەڵکوو لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا بیچم دەگرێت. کەواتە ئەوەی کە دەگوترێ «هەڵبژاردنی خۆیەتی»، لە بنەڕەتدا وەبەرهێنانەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتی سەرمایە و بازاڕی جوانکارییە و لە ڕوانگەی فێمێنیستێکی چەپەوە هەڵبژاردەکەی لە نێو «قەفەسێکی پێکهاتەوە» بیچمی گرتووە نەک ئازادییەکی ڕاستەقینە.

**ژنی کورد لە نێوان دوو کۆیلایەتی: نەریتی کۆن و مۆدێرنیتەی کاڵایی گیریان کردووە. زۆربەی ژنان لەم سەردەمەدا لە نێوانی دوو فشاری دژبەیەکدا دەژین: لە لایەکەوە کۆیلەی نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگای ئایینی سیاسی و لە لایەکی دیکەوە کۆیلەی ئاڵۆزییەکانی مۆدێرنیتەی مەسرەفی و سەردەمی دیجیتاڵ کە ژن وەك جەستە و کاڵا دەبینێت. ئەم دوو فشارە هەرچەندە جیاوازن، بەڵام هەردووکیان ئازادی و مرۆڤایەتی ژن بە تاڵان دەبەن. سەیر ئەوەیە کە ئەم دوو گوشارە لە ڕواڵەتدا دژ بە یەکن، بەڵام لە بنەڕەتدا هاوشێوەن و هەر دوو لایەن یەك ئامانجیان هەیە...**

کەواتە دەتوانین بڵێین کە ژنی کورد لە نێوان دوو کۆیلایەتی: نەریتی کۆن و مۆدێرنیتەی کاڵایی گیریان کردووە. زۆربەی ژنان لەم سەردەمەدا لە نێوانی دوو فشاری دژبەیەکدا دەژین: لە لایەکەوە کۆیلەی نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگای ئایینی سیاسی و لە لایەکی دیکەوە کۆیلەی ئاڵۆزییەکانی مۆدێرنیتەی مەسرەفی و سەردەمی دیجیتاڵ کە ژن وەک جەستە و کاڵا دەبینێت. ئەم دوو فشارە هەرچەندە جیاوازن، بەڵام هەردووکیان ئازادی و مرۆڤایەتی ژن بە تاڵان دەبەن. سەیر ئەوەیە کە ئەم دوو گوشارە لە ڕواڵەتدا دژ بە یەکن، بەڵام لە بنەڕەتدا هاوشێوەن و هەر دوو لایەن یەک ئامانجیان هەیە:

- هەردووکیان ژن بێدەنگ دەکەن و بەرەو کۆیلایەتی دەبەن، یەکێک بە ناوی شەرەف، ئەوی دیکە بە ناوی جوانی.
- هەردووکیان ڕواڵەتی ژنان دەگۆڕن، یەکێک بە ناوی خێزان، ئەوی دیکە بۆ بازاڕ.
- هەردووکیان کۆنترۆڵی لەش دەکەن، یەکێک بە داپۆشین، ئەوی دیکە بۆ نمایش کردن.
- هەردووکیان ژن لە مرۆڤایەتی بە تەواوی دادەماڵن، بە گۆشاری نەریت یان بە گوشاری مۆدێرنیتە.

بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم دوو گوشارە پێویستی بە بزووتنەوەیەکی ڕەسەن و ڕەگەزیی هەیە، دەبێ بەبێ ئەوەی کەلتووری کوردی بە تەواوی ڕەت بکرێتەوە و زیان بە ڕەسەنایەتی کلتووری کوردی بگەیێنێت، مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی لێکبدرێتەوە و لە نەریتە زیانبەخشەکان ڕەخنە بگیرێت. بەو تێگەیشتنەی کە هەندێک لەو گۆڕانانە کە بەناوی مۆدێرن و ئازادی جێگەی خۆی لە کۆمەڵگا کردەتەوە و هەوڵدەدات کە ژن بەرەو کاڵا بوون ببات، دەبێ ڕێگایەکی سێیەم دروست بکرێ کە لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤایەتی بنیات نرابێت.

هەندێ کەس دەڵێن هەندێ ئاکار، هەڵبژاردەیەکی شەخسییە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییە، بۆیە ئێمە مافی ڕەخنەمان نییە. بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە هیچ هەڵبژاردنێک لە بۆشاییدا ڕوونادات. کاتێک گۆڕانی جەستە و ڕواڵەت، هەروەها گۆڕینی جل و بەرگی ڕەسەنی نەتەوەیەک بە شێوەیەکی جیاواز لەو کلتوورە کۆن و ڕەسەنە دەبێتە نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی و ئامرازێک بۆ نوێنەرایەتیکردنی شوناس، ئەو هەڵبژاردنە ئاستی تاک تێدەپەڕێنێت و دەچێتە ناو گۆڕەپانی گشتی. هەر بەو بۆنەوە ڕەخنە بە مانای دەستوەردان لە ئازادی تاک نییە، بەڵکوو پرسیارکردنە لە دەرئەنجامە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان. ئەگەر جەستە ببێتە هێمای مەسرەفی/بەکاربەر و میدیایی، کۆمەڵگا مافی ئەوەی هەیە باس لەو مانایە بکات کە ئەو هێمایانە بەرهەمی دەهێننەوە و تەنانەت ڕەخنە لەو مانایە بگرێت.

واتە بە جێی ئەوەی بوترێ مافی ڕەخنە گرتنمان نییە دەبێ پرسیار بکەین ئەم کارە ئایا کردەوەی ئازادی کەسەکەیە یان گوشاری دونیای سەرمایە و مۆدێلینگ و ڕێسای جیهانی پیاوسالار؟

کەرامەتی ڕاستەقینەی ژن نە لە داپۆشینی بەدەست دێت، نە لە دەرخستنی. کەرامەت بریتییە لە:

سەربەخۆیی: مافی بڕیاردان سەبارەت بە لەش، ژیان و داهاتووی خۆی.

مرۆڤایەتی کامڵ: بینینی ژن وەک مرۆڤێکی تەواو، نە تەنیا دایک، ژن، یان بابەتێکی سێکسی.

دەربڕین: مافی دەربڕینی بیر و هەست و ئاواتەکانیان بەبێ ترسی سزا یان حوکمدان.

هاوسەنگی: ژیانێک کە تێیدا ژن دەتوانێت باوەڕ، کەلتوور و ناسنامەی خۆی بپارێزێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئازادیی هەڵبژاردنیشی هەبێت.

ژنانی کورد شایانی ئەوەن کە نە بە زنجیرەکانی نەریت بەندبکرێن، نە بە فرۆشگای مۆدێرنیتەی مەسرەفییەوە. شایانی ئازادی و کەرامەتی بە بێ مەرجی ڕاستەقینەن.

## دریژەی لاپەڕەی ١٠

ئەو بۆچوونە کە بە ناوی چەپەوە جێگەی خۆی لە ناو حیزبە چەپەکانی کوردستاندا کردبووەوە گەیشتبووە ئاستێک کە وای کردبوو کە تاکی کورد و تەنانەت چالاکانی چەپیش کاری تایبەت بۆ چارەسەری ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان و بیرکردنەوە لە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی بە دیاردەیەکی دواکەوتوو و دژە چەپ بزانن و ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە کەلێنێکی گەورەی خستە ناو خەباتی ڕزگاریخوازانە لە کوردستان و ڕێگەینەدا چارەسەری چەپ و سوسیالیستی بۆ ئەو خەباتە دەستی باڵا پەیدا بکات.

لە ئاستی گشتیی خەباتەکەشدا نەبوونی دموکراسی و پلۆرالیزمی سیاسی و، تەکرەهەندی بوون و کەڵەکەبوونی دەسەڵات و ناکارامەبوونی سیستەمی ئابووری لە خزمەت کردن بە چینی چەوساوە لە بەرچاوترینی ئەو خەسارانە بوون کە ڕێگەیان لە بەئاکام گەیشتنی ئەو ئەزموونانە گرت.

بنەما سەرەکییەکانی کاری سوسیالیستیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بریتین لە دادپەروەری، ئازادی، یەکسانی، ئاشتی و سەقامگیری. ئەم فاکتۆرانە شێوازی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی دیاری دەکەن. ڕەوتی چەپ دەبێت پەرەپێدەری پشکووتنی ئەو پوتانسیل و ئیمکانانە بێ کە لە کۆمەڵگادا هەن و کار بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە نورمەکانی کۆمەڵگا و شێوازی دەسەڵاتدا بکا. ڕێکخستنی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە ئەو یاسا و ڕووداوانەی بە قازانجی چینی چەوساوە نین و بەربەرەکانێ و خەباتی بەردەوام و چاکسازیی لەسەر بنەمای خواست و ویستەکانی چینی چەوساوە، هەوڵ بۆ ڕێکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بە مەبەستی ئاڵوگۆڕە خوازراوەکان بە قازانجی چینی چەوساوە ژمارەیەک لەو ئامرازانەن کە بۆ گەیشتن بە سوسیالیزم بەدەستی ڕەوت و بزووتنەوە و هێزی چەپی کۆمەڵگاوەن.

جیاوازیی ڕوانگە نەزەری و فیکرییەکان، لە نێوان بزووتنەوە و ڕێکخراوە سوسیالیستییەکاندا بە پشتبەستن بە دیالۆگی بنیاتنەر دەتوانێت ڕەوتی چەپ بەهێز بکا و لە خەباتی ڕۆژانە و جەماوەری بۆ گەیشتن بە دنیایەکی بێچەوسانەوە نزیکی بکاتەوە.

هیچ ڕەوتێک ناتوانێ بە تەنیا خۆی نوێنەرایەتیی هەموو چەپ لە کوردستان بکات. دیاریکردنی پێناسەیەک بۆ هەموو چەپ کە تەنها لە ڕوانگەی حیزب یان ڕێکخراوێکەوە پەسەندە، هەڵەیەکی کوشەندەیە کە تەنها دەبێتە هۆی دووبەرەکی و کێشە لە نێوان ڕەوتی چەپدا و هێزی مرۆڤی ئەم ڕەوتە لێک دوور دەخاتەوە و دەبێتە هۆی پەراوێزکەوتن و لاوازبوونی ڕەوتی چەپ لە کوردستاندا.

قەبووڵکردنی پلۆرالیزمی سوسیالیستیی و هاوکاری لە نێوان ڕێکخراو و حیزبە چەپ و سوسیالیستییەکانی کوردستاندا مەرجێکی گرنگە بۆ ئەوەی ئاسۆیەکی ڕوونتر لە خەباتی چەوساوەکانی کوردستاندا بکرێتەوە. گەشەی فیکری و نەزەری و بەرینبوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی چەپ لە کوردستان، تەنیا لە ڕێگەی هەوڵی هاوبەش و دیالۆگی هاوڕێیانە مومکین دەبێت. ئێمە هاوئاهەنگی، دۆستایەتی و

DwaRoj


سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی
Dwaroj@komala.com

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی **www.komala.com** بکەن
پەیوەندی **dwaroj.net**

# ناوداران
## کازیوە بوو

هەستم بە لێدانی دڵی شێعرێک کرد بوومە شەوگەڕی دێڕ بە دێڕی لاپەڕەکان دێڕێکم لەگەڵ خۆر ئاشنا کرد دێڕێکم بە ئەستێرە ناساند...پەنجەکانم سڕ ببوون قەڵەم لە سووچێکەوە چاوەڕوانی هەڵدانی وشەیەک بوو کە باسی ئازادیم دەکرد وشەکان دەبوونە

بەستەڵەک بەفرێک کە قورس قورس بەڕێوە بوو باڵندەیەکی کۆچەر کە هێدی هێدی لە تەشقی ئاسمانەوە باڵی لێدەدا




**هاوڕێی گیانبەختکردوو گوڵڕێز قوبادی**

و لەسەر دەستی کاک فوئاد بە ئەسپایی نیشتەوە بە سەر باڵیەوە وێنەی ئەستێرەیەک لە ناو دڵێکی خوێناوییەوە نەخشابوو لە هەڵگوردەوە دەنگێک هاتە بن گوێی کوردستان پڕ بە باڵای چیاکان هاواری کرد لە دایکبوو دۆنیا دەنگی دایەوە ئەستێرە...دڵی خوێناوی ئازادی.... کۆمەڵە بوو باسی ئازادی و فڕین بوو

هاوڕێ گوڵڕێز ساڵی ١٣٣٠ لە شاری سنە لە دایک بوو، خوێندنی سەرەتایی لە شاری سنە و دواناوەندی لە شاری کرماشان تەواو کرد و پاشان لە زانکۆی کرماشان درێژەی بە خوێندن دا. هەر لەم سەردەمەدا بوو کە بە هۆی خوێندن و باسی سیاسیەوە مەیلی بەرەو خەباتی سیاسی ڕاکێشرا و بەمجۆرە لە ناو هاوکار و هاوڕێیەکانی لە شوێنی کارو لە ئەڵقەی دۆستانی خۆیدا بە شێوەیەکی ڕێک و پێک دەستی بە هەڵسووڕانی سیاسی و تەبلیغاتی وشیاریدەرانە کرد.

دوای تەواو کردنی زانکۆ گەڕایەوە بۆ شاری سنە و لە زۆربەی گەڕەکە هەژارنشینەکانی شاری سنە دەستی کرد بە مامۆستایی کردن .

هەر لە سەرەتاوە پەیوەندیەکی گەرموگوڕێ لەگەڵ جەماوەری ئەو گەڕەکانەدا درووست کرد. هاوڕێ گوڵڕێز لە گەڕەکە هەژار نشینەکانی سپوور ئاوای شاری سنە سەردانی ماڵی کرێکاران و زەحمەتکێشانی دەکرد. دەرمانی بۆ نەخۆشەکانیان دەبرد، گفتوگۆیانی لەگەڵ دەکرد و تێدەکۆشا سەبارەت بە ئەو مەینەت و کوێرەوەریانەی کە سەراسەری ژیانیانی گرتووە ئاگایان بکاتەوە. هاوڕێ گوڵڕێز لە ڕێگای تێکۆشانی خۆی دا لەگەڵ کۆمەڵە پەیوەندی پەیدا کرد. لە هاوینی ساڵی ٥٧ دا بۆ ماوەی سێ مانگ لە کارخانەی قرقرەی زیبا لە تاران کرێکاری دەکرد لەم دەورە لە خەباتی خۆی دا بە شێوەی نهێنی چالاکی دەکرد و هاوڕێیەکی یەکجار زۆری لە ناو کرێکارانی ئەو شوێنە پەیدا کردبوو. پائیزی ساڵی ٥٧ هاوڕێ گوڵڕێز گەڕایەوە بو سنە، لە پاڵ کار کردن لە دێ "کانی میرانی" مەریوان، بێ وچان لە نارەزایەتیەکانی جەماوەری خەڵکی مەریوان بەشداری دەکرد. پەیوەندی پتەوی هاوڕێ گوڵڕێز لە گەڵ ژنانی زەحمەتکێشی ئەو دێهاتانەی وا کاری لێ دەکرد بووە هۆی ئەوەی لە ناو دڵی ئەواندا جێ بکاتەوە.

ئەو هەموو کات ڕاگەیاندنەکانی کۆمەڵەی بڵاو دەکردەوە و هەوڵی دەدا لە بواری کۆمەلایەتی سیاسی و فەرهەنگیەوە هۆشیاریان بکاتەوە. هاوڕێ گوڵڕێز لە جەریانی مانگرتنی جووتیارانی ئیلووی مەریوان وەهەروەها لە مانگرتن لە خواردنی ئەو هاوڕێیانە، بەشدار بوو. هاوڕێ گوڵڕێز بەم جۆرە لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی جەماوەری ئەو سەردەمەدا بەشدار بوو و بەرپرسیارەتی بە ئەستۆ گرتبوو. هاوڕێ گوڵڕێز لە بەر هەر ئەم لێهاتوویانە بوو بە ئەندامی کۆمەڵەو لە ئەرکەکانی بە تایبەتی ئەرکی وشیار کردنەوەی ژنان هەرگیز نەدەوەستا و کۆتایی نەدەکرد. بە داخەوە ئەم هاوڕێ ئازیز و کۆڵنەدەرەمان لە ٩ی خاکەلێوەی ساڵی ٥٨ لە ڕێگای بەڕێوەبردنی ئەرکی یارمەتی گەیاندن بە خەڵکی تورکەمەن سەحرا بە هۆی ڕووداوی هاتوو چوو گیانی بەخت کرد.

یادی هاوڕێ گوڵڕێز لە ناو دڵی هەموو شۆڕشگێڕان و زەحمەتکێشانی کوردستاندا زیندووەو قەت لە بیر ناچێتەوە. بۆ ڕێز گرتن لە یادی هاوڕێ گوڵڕێز یەکەمین دەستەی چەکدار کراوی ژنان لە ناو کۆمەڵە نازناوی گیانبەختکردوو گوڵڕێزی پێ بەخشرا.

# دواستون

## ڕێکخستنی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



**حەمەی حەکیمی**

ئاڵوگۆڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خێرایی ڕوو دەدات، بەڵام ئایا ئەم گۆڕانە بەو ئاراستەی کە ئیسرائیل و ئەمریکا دەیانەوێ دەچێ؟ چ شتێک لە ناوچە دەگۆڕدرێت؟ ئایا ئیسراییل ئەم گۆڕانکارییە قەبوڵ دەکات؟ ڕێکخستنی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن ناوچەکە تووشی گۆڕان دەکات؟

دوای هێرشی حەوتی ئۆکتوبری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و بارمتەگرتنی دەیان هاووڵاتی و کۆمەڵکوژکردنی سەدان کەس لەو وڵاتە، ئیسرائیل هێرشی پێچەوانەی بۆ سەر فەلەستین دەسپێکرد و بە گشتی شتێک بە ناوی فەلەستین و غەزەی نەهێشت و هەموو ئەو وڵاتەی کاولکرد و بە دەیان هەزار کەس بوونە قوربانی و بەرپرسانی حەماسی بە گشتی لە ناو برد. ئیسرائیل بەوەش ڕانەوەستا و هێرشی کردە سەر حزبوڵڵای لوبنان و بە هەمان شێوەی حەماس زۆربەی سەرکردە سەرەکییەکانی ئەو گرۆپەی کوشت و بە شوێن ئەوەدا هێرشی کردە سەر ئێران و زۆربەی فەرماندە سەربازیەکانی ئەو وڵاتەشی لە ناو برد.

بنیامین نتانیاهۆ دوای ئەوەی سەرکەوتنی گەورەی لە ناوچەکە بۆ خۆی و وڵاتەکەی مسۆگەر کرد، چەندین جار باسی لە گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە کردووە. نتانیاهۆ و بەرپرسانی باڵای ئیسرائیل لەسەر ئەو باوەڕەن کە سەری «ئوختاپووس» ڕژیمی ئیسلامی تارانە و ئەو ڕژیمە هۆکاری سەرەکی کێشەکان و ئاڵۆزیەکانی ناوچەکەیە، بەڵام کۆمەڵێک کێشەی گەورە لە بەردەم ئەم نەخشە دایە کە بریتین لە؛ قازانج و ئامانجی ئەمریکا لە ناوچەکە و لە ئەگەری درێژەی شەڕ لەگەڵ حەماس، ئەوە لە ئارادایە کە ترامپ دەس لە پشتیوانیکردنی ئیسرائیل بکێشێتەوە.

چونکە وڵاتانی ناوچەکە کە پێشتر دەیانوت ڕێگەی نزیک بوونەوە لە ئەمریکا لە ئیسرائیلەوە تێدەپەڕێت، ئێستا بەو ئاکامە گەیشتوون کە هەموو شتەکان گۆڕدراوە و خۆیان ڕاستەوخۆ دەتوانن لەگەڵ ئەمریکا پەیوەندی بگرن و پێویست بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل ناکات، هەرچەن ئەمریکا خەرێکە بۆ ئیسرائیل لە ناوچەکە هاوپەیمان کۆدەکاتەوە و پەرە بە پەیمانی ئیبراهیم دەدات، بەڵام فرۆشتنی فرۆکەی ئێف ٣٥ بە عەرەبستان و چوونی بن سەلمان بۆ ئەمریکا بێ ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیمانی ئیبراهیمەوە بێت، وەک دژە کردەوەیەک دەردەکەوێ.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەرپرسانی باڵای ئیسرائیل چەندین جار باسیان لەوە کردبوو کێشە نییە ئەمریکا ئەو فرۆکە بە عەربستان بفرۆشیت، بەڵام بە مەرجێک کە پەیوەست بێت بە پەیمانی ئیبراهیمەوە. کەچی ئەوە ڕووی نەدا و نە تەنیا عەرەبستان بەو پەیمانەوە پەیوەست نەبوو بەڵکوو فرۆکەکانیشی لە ئەمریکا کڕی و پێشوازییەکی چاوەڕوان نەکراویش لە بن سەلمان کرا.

ئەمە هەمووی نیشاندەری ئەوەیە کە ئەمریکا پێش لە هەر شتێک قازانجی وڵاتەکەی خۆی لە بەرچاو دەگرێت، بەڵام پشتگیکریکردنی ئیسرائیل یەکێکە لە قازانجە هەرە گرنگەکانی ئەو وڵاتە و هەتا ئێستە، لە دەسپێکی شەڕی ئیسرائیل و گرۆپە توند ئاژۆەکانی سەر بە ئێران زیاتر لە ٢١ میلیارد دۆلار یارمەتی نیزامی ئەو وڵاتەی داوە و نتانیاهۆ ئەوە بە جوانی دەزانێت کە وڵاتەکەی پێویستی بە یارمەتی زیاتری ئەمریکا هەیە و ئەگەر ئەو وڵاتە پشتیوانی خۆی لێ وەربگرێتەوە، ڕاستەوخۆ مان و نەمانی دەکەوێتە مەترسیەوە، هەرچەن ئیسرائیل وڵاتێکە لە ڕووی چەکوچۆلی نیزامیەوە لە ناوچەکە قسەی یەکەم دەکات، بەڵام ئەو وڵاتە هاوکات ناتوانێت لە چەند گۆڕەپانەوە شەڕ بکات و ئەوەش تووشی کێشەی جدیی دەکات، هەر بۆیە گوێڕایەڵی ئەمریکایە و چاو لە سیاسەتی ترامپ لە ناوچەکە دەکات.